





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناميلكەی بەشی ١٥ی(ژن، ژیان، ئازادی) تايبەتە بە بەشی كوردی(پەيام، پێزانين. هاودڵی، پشتيوانی، بانگەوازی، نامە، كۆبوونەوە) ناوەندی هاوكاری حيزبەكانی كوردستانی ئێران بەبۆنەی كارەساتی شەهيد كردنی ژينا ئەمينی.

كۆی ناميلكەكە ٥٤ لاپەرە

**پەيام، پێزانين. هاودڵی، پشتيوانی، بانگەوازی، نامە، كۆبوونەوە:**

**ناوەندی هاوكاری حيزبەكانی كوردستانی ئێران**

# پێرست:


١- خەڵكی كوردستان بەرامبەر بە تاوانی مەرگی ژینا بێدەنگ نابن ........ ٤

٢- بانگەوازی مانگرتن لەسەرجەم شار و شارۆچەكەكانی كوردستان ........ ٥

٣- پێزانینمان بۆ هاودڵی و پشتیوانی بەرینی ئێوە لەمانگرتنی گشتیی ........ ٦

٤- بە بۆنەی سەركەوتنی مانگرتنە گشتییەكە ........ ٧

٥- درۆكانی رژیم سەبارەت بە بوونی هێزی پێشمەرگە لەشارەكانی كوردستان رەتدەكەینەوە ........ ٩

٦- بۆ نەتەوەی كورد باقی پارچەكانی كوردستان! ........ ١٠

٧- بۆ كۆمەڵەی گشتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان! ........ ١١

٨- ئێوە لە بزوتنەوەی ئەو دەورەیەدا سەركەوتنێكی مێژووییتان تۆمار كرد ........ ١٣

٩- پشتیوانی ناوەند لە مانگرتنی مامۆستایان و خوێندكاران ........ ١٣

١٠- سەبارەت بە: هێرشی مووشەكی و فرۆكەی بێفرۆكەوان بۆ سەر ئۆردوگا و بارەگاكانی حیزبە سیاسییەكانی كوردستان ئێران ........ ١٤

١١- بۆ رای گشتی عێراق و جیهان ........ ١٥

١٢- بانگەوازی بۆ مانگرتنی گشتیی لە كوردستان ........ ١٧

١٣- سوپاسی بێ پایانی جەماوەری خەڵكی باشوری كوردستان دەكەین ........ ١٨

١٤- سپاسنامەی ناوەندی هاوكاریی حیزبەكانی كوردستانی ئێران بۆ ........ ١٩

١٥- پشتیوانیی لە مانگرتنی مامۆستایان و قوتابخانەكانی ئێران ........ ٢٠

١٦- پشتیوانیی لە بانگەوازی خۆپێشاندانی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ی ڕەزبەر ........ ٢٢




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١٧- هەڕەشەی هێرشی سەربازیی رژیم بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان ........................................ ٢٣

١٨- نامەی نوێنەری هەمیشەیی ئێران لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئەنجومەنی ئاسایش ........................ ٢٤

١٩- جینایەتی زیندانی ئیڤین بێوەڵام نامێنێتەوە .................................................................. ٢٦

٢٠- پشتیوانی لە بانگەوازی خۆپیشاندانی رۆژی شەممەی بەرلین دەکات و خوازیاری مانگرتن و نارەزایی سەرتاسەرییە لەئێران و کوردستاندا ........................................................................................ ٢٧

٢١- بە مانگرتن وەڵامێکی شیاو بە سەرکوتکەرانی خەڵکی ئێران و بکوژانی منداڵان و بەندکراوان دەدەینەوە .......... ٢٨

٢٢- بە زوویی چل رۆژ بە سەر کوشتنی ژینا دا تێپەڕ دەبێ ........................................................... ٣٠

٢٣- بەبۆنەی بەرێوەچوونی نارەزاییەکانی چلەی ژیناوە ........................................................... ٣١

٢٤- سەبارەت بە دۆخی هەستیاری مەهاباد و شارەکانی کوردستان ................................................... ٣٢

٢٥- هەندێ دەنگۆی نابەرپرسیارانە رەتدەکاتەوە ..................................................................... ٣٤

٢٦- بە "مەحارەب" ناساندنی خەڵکی ئازادیخواز نیشانەی داماویی رژیمە ............................................ ٣٥

٢٧- پشتیوانیی لە بەرێوەچوونی چلەی شەهیدانی بەلووچستان کرد ................................................... ٣٧

٢٨- ناوەندی هاوکاریی و کۆمەڵەی کۆمۆنیست کۆبوونەوە ........................................................... ٣٨

٢٩- بۆ ئاکسیۆنی رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان .......................................... ٣٩

٣٠- هێزەکانی رژیم جارێکی دیکە بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی بۆردومان کرد ............................ ٤١

٣١- لە دوایین پەلەقاژەی بەر لە نەمانتان تێدەگەین ............................................................. ٤٢

٣٢- هێزەکانی رژیم جارێکی دیکە بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی بۆردومان کرد ............................ ٤٣

٣٣- بۆ پشتیوانیی سەراسەری ئێران لە خەڵکی کوردستان ............................................................ ٤٤

٣٤- کۆماری ئیسلامی بنکە و بارەگای حیزبەکانی رۆژهەڵاتی موشەکباران کرد ........................................ ٤٥

٣٥- بۆ مانگرتنی گشتی رۆژی ٣ی سەرماوەز لە سەرتاسەری ئێران ................................................. ٤٦

٣٦- بە فریای خەڵکی کوردستان بکەون .............................................................................. ٤٧

٣٧- کۆبوونەوەی نێوان ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پارتی ئازادیی کوردستان ................. ٤٩

٣٨- ١٦ی سەرماوەز دژ بە میلیتاریزم و سەرکوت لە کوردستان کۆدەبینەوە ........................................... ٥٠

٣٩- لەسێدارەدانی لاوانی شۆڕشگێڕ مەحکوم دەکەین ............................................................. ٥١

٤٠- بۆ رای گشتی خەڵکی کوردستان .............................................................................. ٥٢

٤١- بەبۆنەی دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی مافەکانی ژنانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ......................... ٥٥

٤٢- بۆ مانگرتنی سەرتاسەری ........................................................................................ ٥٤




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ناوەندی هاوکاریی: خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە تاوانی مەرگی ژینا بێدەنگ نابن

رۆژی ٢٢ی خەرمانان ژینا (مەهسا) ئەمینی تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی شاری سەقز بە بیانوی بێ حیجابی لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئیرشادی تاران درایە بەر ئەشکەنجە و لێدان کە بەهۆیەوە توشی سەکتەی مێشک بوو و پاش چەند رۆژ چارەسەری پزیشکی لەنەخۆشخانەی "کەسرا"ی تاران، رۆژی هەینی بەداخەوە بەهۆی سەختی برینەکانیەوە گیانی لەدەستدا.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم کردەوە قێزەونەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە توندی مەحکوم دەکەین و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری ژینا و لەخۆمان و خەڵکی کوردستان دەکەین و داوا لەسەرجەم خەڵکی ئێران و کوردستان دەکەین بەرامبەر بەم تاوانە نامرۆڤانەیە بێدەنگ نەبن.

لەژێر دەسەڵاتی دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامیدا زیاتر لە هەمووان ژنان و کچان لەبەردەم هەڕەشە و پەلاماردان و یاسا دواکەوتووەکانی رژیم بۆ دەستوەردانە لە بابەتە تایبەتییەکان ژیانی خەڵک تەنانەت بۆ جلوبەرگ پۆشین، تاوانی هێزە سەرکوتگەرەکانی دژ بە ژنان بە یاسایی کردوە.

ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان لەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی خۆش نابن و لەبەرامبەر مەرگی شلێر و ژینا و سوکایەتی کردن بە باقی کچان و ژنانی کوردستان هەڵوێست و کاردانەوەی جیدییان دەبێت.

لێرەوە داوا لە سەرجەم حیزبە سیاسییەکان و رێکخراوە مەدەنییەکانی ئێران و کوردستان دەکەین بەهاودەنگی و یەکگرتووانە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەبەرامبەر ئەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی هەڵوێست وەربگرن.

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی**

---

## بانگەوازی مانگرتن لەسەرجەم شار و شارۆچەکەکانی کوردستان




خەڵکی خۆڕاگری کوردستان

حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی

وەک ئاگادارن ژینا (مەهسا) ئەمینی، کچە لاوی کورد کە چەند ڕۆژ پێشتر لە شاری تاران لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بەسەختی لێیدرابوو، ڕۆژی هەینی ٢٥ی خەرمانان بەهۆی سەختی برینەکانیەوە گیانی لەدەستدا.

پێشتریش شلێر ڕەسوڵی لەشاری مەریوان بۆ پاراستنی خۆی لە دەستدرێژی بەکرێگیراوێکی ڕژیم گیانی بەخت کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەم بۆنەوە داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین بۆ دەبڕینی ناڕەزایی دژ بە سیاسەتە نامرۆییەکانی رژیم و بۆ پارێزگاری لەکەرامەتی کچان و ژنانو رۆڵەکانی گەلی کورد، رۆژی دووشەممە ٢٨ی خەرمانان بە داخستنی دوکان و بازاڕەکان و نەچوونە سەرکارەکانیان مانگرتنێکی گشتیی و شکۆدار رابگەیەنن.

داوا لەسەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەڵسوڕاوانی مافی مرۆڤ دەکەین بەدەم ئەم بانگەوازەوە بێن تا بە هاودەنگی و هاوپشتی یەکتر وەڵامێکی توند بە کۆماری ئیسلامی بدەینەوە.

بژی هاوپشتی و یەکگرتووی خەڵکی حەقخوازی کوردستان

بڕوخێ کۆماری دژە ژنی ئیسلامی ئێران

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## پێزانینمان بۆ هاودڵی و پشتیوانی بەرینی ئێوە لەمانگرتنی گشتیی

خەڵکی خەباتکار و زوڵملێکراوی ئێران

رێکخراوکان، کەسایەتییە سیاسییەکان، هەڵسوڕاوانی مەدەنی، هونەرمەندان و روناکبیران

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پێزانینمان بۆ هاودڵی و پشتیوانی بەرینی ئێوە لەمانگرتنی گشتیی رۆژی دووشەممە لە کوردستان، داواکارین بە هەر شێوازێکی بەردەست لە شارو ناوچەکانی دیکەی ئێران رێکخستنی ناڕەزایی و مانگرتن دژ بە زوڵم و زۆرداریی گەشتەکانی ئیرشاد و رژیمی دژە ژنی ئیسلامی و یاسا دژە ژنەکانی ئەو رژیمە، لە دەستوری کارتاندا بێت و هەوڵی تەواوی بۆ بدەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێمە و خەڵکی کوردستان هیواخوازین و دڵنیاین کە لەم خەباتە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەدا دەتوانین پاشەکشە بە رژیم بکەین و بوارەکانی یەکگرتوویی بۆ روخانی دیکتاتۆری زۆرتر فەراهەم بکەین. رووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی دوایی نیشانەی هاوپشتی بەرینی خەڵکی ئێران دژ بە یاسا دژە مرۆییەکان و دامەزراوە سەرکوتگەرەکانی ئەم رژیمە و، دەرخەری هێز و پۆتانسیەلی بەرینی بزوتنەوەی دژە رژیم بوو.

سەرکەوێ یەکگرتووی و هاوپشتی خەڵکی ئێران
بڕوخێ کۆماری دژە خەڵکی ئیسلامی ئێران

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٧ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٨ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## پەیام بە بۆنەی سەرکەوتنی مانگرتنە گشتییەکە




خەڵکی خەباتکار و ئازادیخوازی کوردستان
هەڵسوڕاوان، حیزب و لایەنە سیاسییەکان و رێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پیرۆزبایی سەرکەوتوانەی مانگرتنی گشتیی و سەرتاسەریی کوردستانتان لێدەکەین کە پەیامێکی نارەزایی بەهێز و رۆشن دژ بە زوڵم و بێدادی رژیمی دژە خەڵکیی ئێران بوو.

رێز و پێزانیمان هەیە بۆ هەموو هەڵسوڕاوانی سیاسی و مەدەنی، جەماوەری ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە بە هاوئاهەنگییەوە ئەم جوڵە سیاسییە گەورەیان بە شێوەیەکی باش بەڕێوەبرد.

لەهەموو کەسایەتییەکان، رێکخراوە سیاسی و پیشەیی و مەدەنییەکان، هونەرمەندان و چالاکوانان لەسەرتاسەری ئێران و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سپاس دەکەین کە بێوچان پشتیوان و هاوکار بوون.

مانگرتنی گشتییەکەی ئەمڕۆی کوردستان بووە هۆی ئەوەی زۆرترین هاوپشتی لەنێوان سەرتاسەری خەڵکی ئێران و ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ و دەرەوە دروست بێت. ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ درێژەدان بە یەکگرتوویی بۆ دەستبەرکردنی دیموکراسی و ئازادی و روخانی کۆماری ئیسلامی. سپاسی هەمووان دەکەین و رێز لەو هاوپشتی و هاوئاهەنگییە دەگرین.

ئێمە خوازیاری ئەوەین کە:

١- سەرجەم گیراوەکانی ئەم دواییە و هەڵسوڕاوانی مافەکانی ژنان بەپەلە ئازاد بکرێن.

٢- خوازیاری سزادانی بکەران و ئەنجامدەرانی کوشتنی ژینا (مەهسا) ئەمینین و چاوەڕوانی راگەیاندنی ئەنجامەکە دەکەین.

٣- گەشتەکانی ئیرشاد کۆبکرێنەوە حیجابی زۆرەملێ و شێوازی پۆشاکی ژنان ئازادانە بێت.

٤- کۆتایی بەو کەشە ئەمنیەتی و میلیتاریزمە بێت کە لەشارەکانی کوردستاندا هەیە.

بۆ دەربڕینی ئەم داواکارییانە ئەمڕۆ دووشەممە ٢٨ی خەرمانان لەپاش کاتژمێر ١٨:٠٠ (٦ی عەسر) کۆبوونەوەی هێمنانە لە سەرجەم شارەکان بەڕێوەدەبەین و هاودڵی خۆمان لەگەڵ ژینا و هەموو ژنانی ستەملێکراو دەردەبڕین و یەکدەنگ رایدەگەیەنین کە ژنان بناغەی سەرەکی کۆمەڵگا و هۆکاری ژیانن و جەخت لەسەر دەستبەرکردنی خواستەکانی بزوتنەوەی ژنان لە رێگەی ئازادی و یەکسانی دەکەینەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٨ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## ڕاگەیاندنی ناوەندی هاوکاریی:

## درۆکانی ڕژیم سەبارەت بە بوونی هێزی پێشمەرگە لەشارەکانی کوردستان ڕەتدەکەینەوە

خەڵکی خەباتکار و ئازادیخوازی کوردستان!

مانگرتنی گشتیی و سەراسەری و ناڕەزاییەکانی ئەم دواییەی ئێوە لەکوردستان سەرکەوتنێکی گەورە بوو کە کاردانەوەی گەورەی سیاسی و هاوپشتی بەدوای خۆیدا هێنا.

هاودڵی و پشتیوانی بەرینی خەڵک لەسەراسەری ئێران، هاودەردی و هاودڵی لە ئاستی جیهانی و کاردانەوەی خواستەکانی خەڵک و ئاشکراکردنی سیاسەتی کوشتار و سەرکوتی ڕژیم، کۆماری ئیسلامی توشی ریسواییەکی گەورە کردوە. هەر بۆیە دامودەزگاکانی ڕژیم بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو ڕاستیانە وەک کاری هەمیشەییان، لەلایەک لە هەوڵدان تا خەباتی حەقخوازانەی ئێوە بە دەستێوەردانی دەرەکی ببەستنەوە و لەلایەکی دیکەش بڕەو بەو دەنگۆ ناڕاستیانە بدەن کە گوایە هێزی پێشمەرگە لە شارەکاندا بوونیان هەیە.

ئێمە بە توندی ئەو درۆ و ناڕاستییانە ڕەتدەکەینەوە کە هێزی پێشمەرگە حوزوروی لەشارەکاندا هەبێت، ئێمە سروشتی ئەم دەورەی خەباتی کوردستان و ئێران بە سیاسی دەزانین و جەخت لەسەر بزوتنەوەی سیاسی و مەدەنی دەکەینەوە. هەوڵی ئێمە بەردەوام ئەوە بووە تا پشتیوانی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بۆ داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان رابکێشین و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ لە زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی ئاگادار بکەینەوە و لە گەڵ داخوازییەکانی خەڵک ئاشنا و هاوئاراستەیان بکەین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر نارەزاییە جەماوەرییەکان لەسەراسەری ئێران و هاودڵی رای گشتیی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ لەگەڵ ئەو نارەزاییانەدا، رووی لە سیاسەتی سەرکوت و تۆمەت و درۆهەڵبەستن کردوە تا پاساو بۆ تاوان و سەرکوتکارییەکانی خۆی بهێنێتەوە.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٩ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی بۆ نەتەوەی کورد باقی پارچەکانی کوردستان!

حیزب و لایەنە سیاسییەکان
کەسایەتی و هەڵسوراوان و رێکخراوە مەدەنییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان

وەک دەزانن لەپاش کوشتنی بەناحەقی ژینا ئەمینی تەمەن ٢٢ ساڵ بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە رۆژانی رابردوو، لەپاش مانگرتنی گشتیی سەرجەم شارەکانی کوردستان لەزۆربەی شارەکانی ئێران و کوردستان خەڵکی وەزاڵەهاتوو رژاونەتە سەرشەقام و دژ بە زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی راپەریون.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران داواکارین کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان پشتیوانی لە داوا رەواکانی کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەن و بە هەموو شێوازێکی گونجاو هاوپشتی و پشتیوانی خۆیان لەم بزوتنەوە بەرحەقەی کوردی رۆژهەڵات رابگەیەنن.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٣٠ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢١ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیام بۆ کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان!

بەڕێزان، سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەشداربوانی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان!

لەکاتێکدا خەڵکی هەموو ئێران لەم ڕۆژانەدا دژ بە زوڵم و زۆری دەسەڵاتداران و دژ بە کوشتنی بەناحەقی کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵ بە ناوی ژینا (مهسا) ئەمینی و بڕیاری حیجابی زۆرەملێ و ئازادیی پۆشاک پۆشینی ژنانەوە هاتوونەتە سەرشەقام و بە خۆپیشاندانی مەدەنی و هێمنانە نارەزایی خۆیان دەردەبڕن و دەکوژرێن، ئیبراهیم رەئیسی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە بانگهێشتی کۆبوونەوەی گشتیی ساڵیانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە و لەوێ بە بەرچاوی هەموو دنیا وتارێکی پڕ لە درۆ پێشکەش دەکات، ئەمەش لە لایەن هەموو خەڵکی ئێرانەوە جێی داخ و سەرسوڕمانە. هەر ئێستا کە ئەم کۆبوونەوەیە بەڕێوەدەچێت هێزەکانی رژیم خۆپیشاندەرانیان بەرئاگری چەکەکانیان داوە و چەندین ژن و منداڵ و خەڵکی مەدەنییان خەڵتانی خوێن کردوە.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکومکردنی بەشداریی ئیبراهیم رەئیسی لەو کۆبوونەوەیە چاوەڕوانی ئەوەین لەلایەن بەشداربووانی کۆبوونەوەکە دەنگی نارەزایی دژ بە سیاسەتە نامرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامی و کوشتاری خەڵکی بەشدار لە کۆبوونەوە هێمنانە و مەدەنی دەنگ هەڵببڕن و ئاوڕێک لە خەڵکی مافخوازی ئێران بدەنەوە و دژ بە بەشداری سەرۆکی ئەو رژیمە ژێنکوژە بێنە دەنگ.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٣٠ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢١ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئێوە لە بزوتنەوەی ئەو دەورەیەدا سەرکەوتنێکی مێژووییتان تۆمار کرد

خەڵکی تێکۆشەر و ئازدیخوازی کوردستان!

ئێوە لە بزوتنەوەی ئەو دەورەیەدا سەرکەوتنێکی مێژووییتان تۆمار کرد و یەکگرتوویی ئێوە نەک هەر پشتیوانی، بەڵکوو ئیعترازاتی جەماوەریی گەورەشی لە ئێران بەرپاکرد. دیارە ئەو ڕاپەڕین و هەستانە سیاسییە دەنگدانەوەی نێونەتەوەیشی هەبووە و زیاتریش دەبێت.

لەئێستا کە کۆمەڵانی وەزالە هاتوو بەرخودانیان بۆ ئازادی و دیموکراسی و مافە ڕەواکانیان لە گۆڕەپانی خەبات بەردەوامە و هەموو کوردستان هاودەنگە و گشت ئێرانیشی گرتۆتەوە، خەباتی ئێوە ڕژیمی وەلەرزە هێناوە و بە درۆ و دەلەسەی بێ بنەما باس لە بوونی هێزی پێشمەرگە لە گردبوونەوە نارەزایەتی و سیاسییەکان دەکات کە ئەسڵ و ئەساسی نییە. لە لایەکی دیکەوە دەستگەلێکی نەزان یان نادڵسۆزیش لە هەوڵدان تا ئاراستەی نارەزاییەکان بەرەو جوڵەی سەربازیی بەرن و لە تورەبوونی خەڵک و لاوەکان بۆ ئەو مەبەستە کەڵک وەرگرن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو بڕوایە دایە کە وەها کردەوە و تاکتیکێک لە ئێستادا بە زیانی خەباتی سیاسی و بەردەوام بوونی بزوتنەوەی مەدەنییە و لەم هەلومەرجەدا کارێکی نابەرپرسانەیە. هەروەها جارێکی دیکە لەگەڵ وەدرۆخستنەوەی پرۆپاگاندا و بوختانەکانی کۆماری ئیسلامی رایدەگەیەنین کە: بەڵێ حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵات پشتیوانی تەواوی خۆیان لەو بزوتنەوەیە ڕاگەیاندوە و، بۆ بەردەوامیی ئەو خەباتە و داخوازییەکانی ئەو بزوتنەوە مەدەنییە هاوئاهەنگ لەگەڵ ئێوە و بۆ بەردەوامیی بزوتنەوەکە کار دەکەین و پەرە بەو یەکگرتوویەش دەدەین کە لە سەراسەری ئێراندا پێکهاتووە و لەو بوارەدا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش لەسەر خەت دەبین هەتا ڕوخانی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و باقی خەڵکی ئێران هەدا نادەین.

بەرز و بەرێزە یادی شەهیدانی ئەوە دەورەیە و هیوای سڵامەتی بۆ برینداەرکان دەخوازین.

بژی یەکگرتوویی و یەکێتی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بڕۆخێ کۆماری ئیسلامی ئێران

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٣١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## پشتیوانی ناوەند لە مانگرتنی مامۆستایان و خوێندکاران

پشتیوانی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە داخوازی مانگرتنی مامۆستایان و خوێندکارانی ئێران ئەنجومەنی هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی فەرهەنگییانی ئێران لەبەیاننامەیەکدا هاوکات لەگەڵ دەربڕینی ناڕەزایی بە سەرکوتی خۆپیشاندەران و ملیتاریزەکردنی قوتابخانەکان و گرتنی قوتابیان و خوێندکارانی ناڕازی، داوا لە سەرجەم مامۆستایان و خوێندکارانی ئێران دەکات رۆژانی دووشەممەو چوارشەممە (٤ و ٦ی ڕەزبەر) دەوامی خوێندن لەسەرجەم خوێندنگاو زانکۆکانی ئێران رابگرن.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەرەڕای پشتیوانی تەواوی خۆی لە داخوازی و مانگرتنی مامۆستایان و خوێندکارانی ئێران، داوا لە مامۆستایان، خوێندکاران و فەرهەنگیانی کوردستان کە هەمیشە پێشڕەوی خەباتی جەماوەریی بوون، هەروەها داوا لەسەرجەم چین و توێژەکانی خەڵک، کارمەندان و کرێکارانی پیشە جوراوجۆرەکان لەسەرتاسەری ئێران و کوردستان دەکات کە بە هەموو شێوازێک بۆ پشتگیری لە ناڕەزاییەکانی ئەو ڕۆژانە و مانگرتنی مامۆستایان و فەرهەنگیان بێنە دەنگ تا یەکگرتوانە بە بەردەوام بوونی خەبات و ناڕەزایی کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرکوت و کوشتاری کۆماری ئیسلامی بهێنین.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٥ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٧ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سەبارەت بە: هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر ئۆردوگا و بارەگاکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ئێران

خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی ئێران و کوردستان!

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر بە مووشەک و درۆن هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی ئێمە لە کوردستانی عێراق.

دەزانین ئەمە دەرەنجامی ئاخێز و خرۆشانی یەکگرتووانەی ئێوەیە کە تەنگی بە ڕژێم نگریسی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵچنیوە. دەشزانین کە سەرەڕای سەرکوتی بەربڵاوی خەڵکی خرۆشاو و دەسبەسەرکرانی بەکۆمەڵی چالاکانی مەدەنی و سیاسی، بەتایبەت چالاکانی ژن، نەک هەر نەیتوانیوە لە پانتایی و بەرینایەتی ئەم خرۆشە نوێیە کەم بکاتەوە بەڵکو لەگەڵ ئازایەتی و چاونەترسی بێ وێنە و ورەی بەرزی لاوەکاندا ڕووبەروو بووەتەوە.

لە مێژە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەوڵی ئەوە دەدەن ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بە دەستی دەرەکی و پیلانی ئیسرائیل یان هەوڵ بۆ جیابوونەوەو پارچەکردنی ئێران و هتد ببەستنەوە. ئەمجارەش هەراسان لە خرۆشانی خەڵکی ئێران، ئێمەی حیزبە سیاسییەکانی ناوەندی هاوکاری بە بکەر و هاندەری ئەم خۆپیشاندانانە ناو دەبەن، بەڵام خۆی لە هەموو کەس باشتر دەزانێت ئەم هاوپشتی و هاودڵییە گەورە و گشتگیرتر لە جارەکانی پێشووە و ئاکامی ئازار و ناڕەزایەتییەکی دەیان ساڵەی پەنگخواردووە و لەسەر بەستێنی ناڕەزایەتی و سەرکوتەکانی پێشوو ڕاوەستاوە کە لەگەڵ جارەکانی پێشووش دا جیاوازە.

هێرش بۆ سەر ئەو بنکە و بارەگانەی کە باخچەی ساوایان و مەدرەسەی لێیە و شوێنی حەوانەوەی خەڵکانی سڤیل و مەدەنییە، پیشاندەری ئەوپەڕی داماوی و دارمانی ئەخلاقی و سیاسی و دڕندەیی سەرکردەکانی ڕژیمە. لەو باوەڕەداین ئەگەرچی ئەنجامی ئەم جووڵە و کردەوە ساویلکانەیە خەسار و زیانمان پێدەگەیەنێت و قوربانیمان لێدەگرێ، بەڵام دڵەکان و دەستەکانی تەبایی و یەکگرتوویی خەڵک لە کوردستان و ئێران پێکەوە گرێ دەدا و پێوەندی ئێمەو ئەوان پتەوتر دەکا. ئەو خەڵکەی کە دروشمی "کوردستان چاو و ڕووناکی ئێران"، یا "ژن، ژیان، ئازادی"یان دەوتەوە، دڕوویان لە چاو و خەنجەریان لە دڵی کۆماری ئیسلامی وەشاند. ئەو ڕاپەڕین و بزووتنەوەیە هیچ چارەسەرێکی نییە جگە لە ڕووخانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەم ڕژیمە دژە خەڵکییە. هێرشی درۆن و موشەک بە ناڕەزایەتی و خرۆشانی جەماوەر وەڵام وەردەگرێ و یەکریزی سەراسەری لە ئێران و کوردستان بە دوای خۆیدا دێنێ. هەر بۆیە داوا لە هەموو خەڵکی ئێران و کوردستان دەکەین بەرامبەر بەم دڕەندەییەی سەرکوتگەرانی ڕژیم ناڕەزایەتی دەربڕن. یەکێتی و یەکریزی خۆیان لە گەڵ سەرجەم چین و توێژەکان پەرە پێ بدەن و گرینگی بە درێژەدانی ئەم ڕاپەڕینە بدەن.

لە ئازادیخوازان و سەرجەم ناوەندە نێونەتەوەیی و مافی مرۆییەکان و هەروەها ڕای گشتیی جیهان و دەوڵەتان داوا دەکەین لەهەمبەر ڕژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ناڕەزایەتی دەربڕن و یارمەتیدەر و هاوکاری خەڵکی کوردستان و ئێران بن.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٨ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## بۆ رای گشتی عێراق و جیهان

وەک ئاگادارن کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بیانووی هەبوونی هێزەکانمان لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان، بە هەموو جۆرە گوشارێکی سیاسی و سەربازیی، سەروەریی عێراق و هەرێمی کوردستان پێشێل دەکات و بە سارۆخ و درۆنی ئینتهاری و تۆپباران، کوێرانە و دوور لە یاسای شەر، شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی سڤیل و بارەگانمان دەکاتە ئامانج. پاساوەکەیشی ئەوەیە کە گوایە حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان خاکی ئەم وڵاتە بۆ شەڕ لە دژی ئێران بەکاردێنین.

ئێمە ڕادەگەیێنین سەرلەبەری ئەو تۆمەتانەی ڕژێمی ئێران هەڵبەستراوە و ڕاست نییە، لەهەمانکاتدا دەمانەوێ ئەوە بۆ رای گشتی عێراق و جیهان روونبکەینەوە، کە ئێمە هەموو کاتێک ڕێزمان لە سەروەری و سیادەی عێراق و هەرێمی کوردستان گرتووە و لەو پێناوەشدا قوربانییەکی زۆرمان داوە ، وەک نموونە تیرۆر کرانی زیاتر لە ٤٠٠ ئەندام و کادێری حیزبەکانمان لە نێو خاکی هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە رێک لەو کاتانەدا کە شەڕی چەکداریشمان لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە راگرتبوو، باشترین بەڵگەی ئەو قوربانیدانەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاشکرایە کە ئێران چۆنچۆنی لەرێگەی هێزەکانی وەکیلی خۆی لە عێراق، ئاسایش و سەقامگیریی دەوڵەتی عێراوی تێکداوە و بۆ لابردنی سەرنجەکان لەسەر هەوڵەکانی خۆی بۆ دەستوەردان لە کاروباری عێراق و پێشێلکردنی سیادەی ئەم وڵاتە، رۆژەڤی ساختە دروستدەکات.

ئەگەر ئامانجەکەی رژێمی ئێران ئەوە بێت کە حیزبەکانمان هیچ جۆرە چالاکییەکی سیاسیان نەبێت و لە هەمانکاتیشدا هێرش بکاتە سەرمان و ئێمەش دەستەوەستان ڕاوەستین، ئەوە هەرگیز نایەتە دی. چوونکە بەردەوامیدان بە تێکۆشانی رزگاریخوازی نەتەوەییمان هۆکاری مانەوەمانە و دەستبەرداری مافەکانی گەلەکەمان نابین.

بەو حاڵەشەوە هێزەکانی ئێمە لە دێرزەمانەوە لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستاندان و بە پشبەستن بە رێککەوتننامەی جنێف کە عێراقیش ئیمزای کردووە، بە مافێکی مرۆیی خۆمانی دەزانین کە لێرە بە پارێزراوی بمێنینەوە، ئەویش لە کاتێکدا هیچ جۆرە پێشێلکارییەکمان بەرامبەر سەروەری عێراق و هەرێمی کوردستان نەبووە. بیانووی بەکارهێنانی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ شەڕ دژی ئێران لەم کاتانەدا، بیانوویەکی دروستکراوی رژێمی ئێرانە و هیچ بنەمایەکی نییە. ئێمە لە ساڵی ١٩٩٥ وە لەپێناو سەقامگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەکداریمان ڕاگرتووە و بەشێکی سەرەکیی ئەمەش لەبەر ئەو بووە کە رێز لە سەروەری ئەو وڵاتە بگرین کە تێداین.

خەڵکی خۆشەویستی عێراق و کوردستان باش دەزانن کە چ لایەنێک خاکی دراوسێکانی بۆ دەستوەردان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەکاردێنێت. هەروەک چۆن لای گەنجانی شۆڕشگێڕی عێراق لە خۆپیشاندانەکانی دوو مانگ لەمەوبەریاندا ئەوە روون بوو کە هۆکارێکی نەهامەتییەکانی ئەوان دەستوەردانی بەردەوامی ئێرانە لە وڵاتە خۆشەویستەکەیان.

بۆیە داوا لە رای گشتی جیهان و عێراق بەتایبەتی دەکەین کە بەرامبەر هەوڵ و پیلانەکانی ئێران بوەستن کە هیچ بنەمایەکی مرۆیی و تەنانەت دینیش رەچاو ناکات و ئەو کەمپانەش بۆردومان دەکات کە بنەماڵە و ژن و منداڵی شەهید و پێشمەرگەکانی لێیە.

دۆخی ئێران دوای ڕاپەرینی خەڵکی وەزالەهاتوو لە دوو هەفتەی ڕابردوودا، بەرەو لێواری رووخان و نەمان نزیک دەبێ و نابێ لەرێگای دروستکردنی رۆژەڤی ساختەوە رێگای بدرێت تا دەرفەتی سەرکوتکردنی خەڵکی ناو وڵاتەکەی و ناسەقامگیریی و ئاژاوەنانەوە لە عێراق و ولاتانی ناوچەدا هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٨ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی

## بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی بۆ مانگرتنی گشتیی لە کوردستان

خەڵکی خەباتکار و ئازایخوازی کوردستان

کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ ڕاپەڕینی بەرین و سەرتاسەریی جەماوەریی لە ئێراندا ڕووبەڕووە، داماوانە و بۆ جارێکی دیکە بە مەبەستی بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتیی لەنارەزاییە ناخۆییەکان تاوانێکی دیکەی ئەنجامدا و، کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم رژیمەوە "نا" یان پێووتوە، کردە ئامانجی هێرشەکانی خۆی.

سپای تیرۆریستی رژیم رۆژی ٦ی رەزبەر، بە موشەک و درۆن هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە مەتەرێزی خۆڕاگری و ئازادین. هێرشی رژیم بۆ سەر بارەگاکانی ئێمە بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی رای گشتیی لە نارەزاییەکانی ئێستاو، دوژمنایەتی لەمێژینەی ئەم رژیمە لەگەڵ بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان ئەنجام دراوە.

ئێمە داوا لە هەموو جەماوەری خەڵکی کوردستان دەکەین کە رۆژی شەممە ٩ی رەزبەر بە مانگرتنێکی گشتییو سەرتاسەری نارەزایی خۆیان ئەم هێرشە تیرۆریستییە بۆ سەر حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەرببڕن و بۆ جارێکی دیکە پشتیوانی هەمیشەیی خۆیان لە بزوتنەوەی کوردستان و رۆڵەکانی خۆیان لە حیزبەکانی کوردستان نیشان بدەن.

داوا لە هەموو خەڵکی خەباتکاری ئێران و رەوتە سیاسی و کەسایەتییەکانی سەرتاسەری ئێران دەکەین کە بە نارەزایی سەرتاسەری لە ئێمە و خەڵکی کوردستان پشتیوانی خۆیان نیشان بدەن و هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر بارەگاکانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران مەحکوم بکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی

## سوپاسی بێ پایانی جەماوەری خەڵکی باشوری کوردستان دەکەین

لە پاش هێرشی موشەکی و درۆنەکانی رژێمی ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی رۆژهەڵات لە قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان کە بەداخەوە ژمارەیەک پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگری حیزبەکان و ژن و منداڵ شەهید و برینداربوون، شەپۆلێکی بەرین لە هاودڵی و هاوخەمی لەلایەن خەڵکی باشوری کوردستان لەپارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و هەولێر و دهۆک و بەتایبەتی لەو ناوچانەی بارەگای حیزبەکانی رۆژهەڵاتی لێبووە ئاراستەی حیزبەکان کرا. هەر کەس لەلایەن خۆیەوە باوەشی گەرمی بۆمان کردەوە ئامادەیی خۆیان بۆ هەر جۆرە هاوکارییەک نیشاندا و بەمەش هەستی ئینسانی و نیشتمانپەروەرانە و نەتەوەیی خۆیان بە گەرموگوڕی نیشاندا.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەم رێگەوە سوپاسی سەرجەم خەڵکی بەشەرەفی باشوری کوردستان و هەموو کەسانە دەکات کە بەشێوازی جۆراوجۆر هاوخەمی خۆیان ئاراستە کردین و دەرگای دڵ و ماڵەکانیان بەڕوومانداو واڵا کرد، ئەگەرچی هەر ئەوەشیان لێ چاوەڕوان دەکرا. سوپاسی ئەو دکتۆر و پەرستارانە دەکەین کە لەکاتی رووداوەکەدا خۆبەخشانەو بە خێرایی و بەدەمانەوە هاتن و چارەسەری بریندارەکانیان کردین.

ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی خەڵکی باشور جارێکی دیکەی ئەوەی سەلماند کە هەر خۆمان پشتوپەنای یەکترین و ئەمەش باشترین وەڵامە بۆ ناحەزانی کورد وەک کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە هەوڵی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێوان کوردانی باشور و رۆژهەڵات و پارچەکانی دیکە دەدات.

ئەزمونی هەرێمی کوردستان گلێنەی چاوی هەموو کوردێکە و فەرزە لەسەر هەمووومان وەک گلێنەی چاو بیپارێزین.

سڵاو لە خەڵکی بەشەرەف و نیشتمانپەروەری هەرێمی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بڕوخی کۆماری پەت و سێدارە

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٨ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٣٠ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## سپاسنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ:

خەڵکی ئازادیخواز و کۆڵنەدەری کوردستان

خەڵکی مافخواز لەسەرتاسەری ئێران

دۆستان و هاونیشتمانیانی دەرەوەی وڵات

خوێندکاران و قوتابییانی کوردستان و سەرتاسەری ئێران

ئەمڕۆ شەممە ٩ی ڕەزبەری ١٤٠١ شاهیدی مانگرتنی سەراسەری و بەرینی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، نارەزایی جەماوەریی لە زۆربەی شار و ناوچەکانی ئێران بۆ هاودڵی لەگەڵ کوردستان، مانگرتن و نارەزایی و گردبوونەوە لە زانکۆکان، پشتیوانی و هاودەنگی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، نارەزایی و خۆپیشاندانی خەڵکی دەرەوەی وڵات لە سەد و سی شاری جیهان بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی گشتیی و ئاخێزی جەماوەریی لەسەرتاسەری ئێران بووین کە هەموو ئەمانە وەرزێکی نوێی لە گەشە و پێشکەوتنی خەبات و راپەڕینی ئەم دەورەیە دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران تۆمار کرد.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەناخی دڵەوە سپاستان دەکەین. ئێوە ئەمڕۆ شەممە ٩ی ڕەزبەر، وەڵام و پەیامێکی سیاسی گورچک بڕتان بە هێزە سەرکوتگەرەکان و کۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دایەوە. ئەمڕۆ ئێوە نیشانتاندا کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێمە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە کە پێشکەوتنەکەی بەرچاو و ئاشکرایە. ئەم راستییە لەهەموومان دەخوازێت تا زیاتر و جیاوازتر لە هەمیشە پێکەوەیی و هاوئاهەنگیمان هەبێت تا بتوانین هەم هێزێکی زیاتر بە بزوتنەوەکە بدەین و هەم میکانیزمی پێویست بۆ ئەم یەکگرتووییە فەراهەم بکەین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەم بۆنەوە داوا لە سەرجەم هێزە نیزامی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی و کوردە چەکدارەکانی سەر بە رژیم لە کوردستان دەکەین کە پشت لە رژیم بکەن و بۆ ریزەکانی بەرحەقی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران بگەڕێنەوەو، بە رەتکردنەویە بەشدارییان لە سەرکوتی هاوڵاتیان چیتر بۆ بنەماڵە و هاونیشتمانیان نەبنە مایە شەرمەزاریی.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە رایدەگەیەنین بۆ دابینکردنی بەهێزترین و بەرینترین هاوکاریی و هاودەنگی، دیالۆگی نێوان بۆچوون و رەوتە جیاوازەکان لە ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ و دەرەوە بە پێویست و خێرا دەزانین و بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ ئێوەدا هەوڵی تەواو بۆ دەستبەرکردنی ئەو هاوئاهەنگییە دەدەین. ئەمەش خواستی راپەڕینی جەسورانەی ئێستا و بزوتنەوەی ئازادیخوازیی و جەماوەریی ئێرانە. هەوڵی هاوئاهەنگ و رێکخراو لە قۆناغەکانی داهاتوو تەنیا گارانتی پێشڕەویی داهاتوو و سەرکەوتنی کۆتایی بەسەر ئەم سیستمە دیکتاتۆر و نا مرۆڤانەیە.

مەرگ و نەمان بۆ رژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی هاوپشتی و یەکگرتوویی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

۹ی ڕەزبەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۱ی ئۆکتۆبری ۲۰۲۲ی زایینی

---

## پشتیوانیی ناوەندی هاوکاری لە مانگرتنی مامۆستایان و قوتابخانەکانی ئێران

شوڕای هاوئاهەنگیی دامەزراوە سێنفییە فەرهەنگییەکانی ئێران لە بانگەوازێکدا داوای مانگرتنی کردوە. لە بەیاننامەیەکدا شوڕای هاوئاهەنگیی دامەزراوە سێنفییە فەرهەنگییەکانی ئێران، سەرەڕای نارەزایەتیدەربڕین بە سەرکوتی بەرینی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی خەڵک بڵاوی کردووەتەوە؛ زۆربەی ئەو خەڵکە نارازییەی کە دەنگیان هەڵبڕیوە، قوتابییان و خوێندکارانێکن کە وێڕای میلیۆنیان ئێرانیی دیکە لە سەرکوتی لەڕادەبەدەر وەزاڵە هاتوون و سەدان کەسی دیکەش ئێستا لە زینداندا لە ژێر گوشار و ئەشکەنجەی ڕەوانی و جەستەییدان. بەداخەوە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە هێزە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرکوتکەرەکان بە ڕژانە نێو زانکۆی سەنعەتیی شەریف و بە زەبری چەک بەرەنگاری بلیمەتترین ڕۆڵەکانی نیشتمان ڕاوەستان تا بە خەیاڵی خاوی خۆیان ئەو لاوە حەقخوازانەی وەتەن سەرکوت بکەن.

لە نارەزایەتی بە وەها دۆخێکدا، شورای هاوئاهەنگیی دامەزراوە سێنفییە فەرهەنگییەکانی ئێران داوای لە مامۆستایان و قوتابییان کردووە کە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەر بە مانگرتن لە قوتابخانەکان و نەچوونە سەر پۆلەکانی خوێندن هاوپێوەندی و هاودەنگیی خۆیان لەگەڵ هەموو ناڕازییانی وەزاڵەهاتووە دەرحەق بە ناعەداڵەتییەکانی دەسەڵات پێشان بدەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانی لەو بانگەوازە داوا لە مامۆستایان، قوتابییان و خوێندکارانی کوردستان و خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێراندا دەکات، وەک چۆن هەمیشە پێشڕەوەی خەباتی مەدەنی لە ئێراندا بوون و هەن، داوا دەکەین کە لەو نارەزایەتییە سەرتاسەرییانەدا بەشدار بن و وەک هەمیشە ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆیان بگێڕن.

هەروەها داوا لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک، کارمەندەکان و کرێکاران لە سەرتاسەری ئێران و کوردستان دەکەین؛ بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێت لە نارەزایەتییەکانی ئێستای مامۆستایان و فەرهەنگییان پشتیوانی بکەن و بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی نارەزایەتییەکان لە هەموو ڕەهەندەکانەوە پەرە پێ بدەن.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١١ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پشتیوانیی ناوەندی هاوکاری لە بانگەوازی خۆپیشاندانی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ی ڕەزبەر

لە بانگەوازێکدا کە لەلایەن "لاوانی گەڕەک و کۆڵانەکانەکانی تاران" و چەندین گرووپی دیکە لە خەڵکی ناڕازیی بڵاو بووەتەوە، داوا کراوە کە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠ی ڕەزبەر بۆ پشتیوانی و هاوپێوەندی لەگەڵ خەڵکی سنە، کرێکارانی عەسەلوویە و خەڵکی زاهیدان لە سەعات ١٢ی نیوەڕۆوە هەتا بەرەبەیان بێنە سەر شەقام و، لە نارەزایەتییەکانی خۆیان بەردەوام بن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێرای پشتیوانیی لەو بانگەوازانە، داوا لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران دەکا، سبەی دوانیوەڕۆ ٢٠ی ڕەزبەر لە هەموو گۆڕەپان و شەقامە سەرەکییەکانی شارەکان کۆببنەوە و جارێکی دیکەش لەدژی زوڵم و سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریی ڕێژیم، دەنگ و دروشمەکانیان بەرز کەنەوە.

بژی یەکیەتی و هاوپێوەندیی خەڵکی خەباتگێڕی ئێران،
ژن، ژیان، ئازادی

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٩ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕاگەیاندنی ناوەندی هاوکاریی سەبارەت بە:

## هەڕەشەی هێرشی سەربازیی رژیم بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان

کۆمەڵانی خەڵکی خەباتکار

حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران

لەماوەی رابردوودا و پاش سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کە لە کوردستانی پێشەنگی خەبات و خۆڕاگرییەوە سەریهەڵدا و سەرجەم شار و ناوچەکانی ئێرانی گرتەوە و بڕیاری روخاندنی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی داوە، دامودەزگاکانی رژیم لە تریبونەکانی خۆیانەوە بانگەوازی شەڕێکی نابەرابەری سەربازیی و رەوانییان دژی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وەڕێخستووە.

سەرەڕای سەرکوت و کوشتاری رۆژانەی خەڵکی ناڕازی لەسەر شەقامەکان، کۆماری ئیسلامی بە موشەک و درۆن هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکان و ئێستا بە هێنانی هێزێکی زۆری سەربازیی بۆ سەر سنورەکانی کوردستان، هەڕەشەی بەزاندنی سەروەریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەشکرکێشی بۆ سەر حیزبەکان دەکات.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەرەڕای مەحکوم کردنی هەرچەشنە دەستدرێژییەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنین کە ئەمە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانە و بەپێی بنەما نێودەوڵەتییەکان مەحکومە و دەبێت ریسوا و لەقاو بدرێت.

ئێمە لەگەڵ ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە رێزمان لە سەروەری حکومەتی هەرێم گرتووە و دەیگرین و بەو هۆکارە هیچ چەشنە جوڵەیەکی نیزامی و پێشمەرگانەمان نەبووە، رایدەگەیەنین کە: لە حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانمان لە قوڵایی خاکی هەرێمدا بە هەموو توانای خۆمانەوە و وەک مافێکی رەوا لە بەرانبەر هێرشی دوژمن بەرگری لە خۆمان دەکەین. هاوکات داوا لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، حکومەتی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرجەم نوێنەران و کۆنسوڵگەرییەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی و ئامریکا لە هەرێمی کوردستان دەکەین بەرامبەر بەم ملهۆڕییانەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نەبن و هەڵویستی جیدییان هەبێت. کۆماری ئیسلامی پلانی ئەوەی هەیە بە سازکردنی شەڕێکی دیکە هەوڵ بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی بدات.

داوا لە روناکبیران، کەسایەتییەکان و سەرجەم چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان و سەرجەم کوردانی تاراوگە دەکەین لەبەرامبەر ستەمکاری کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نەبن و بە هەموو شێوازێکی گونجاو نارەزایی خۆیان دەرببڕن و پاڵپشتیمان لێبکەن.

کۆماری ئیسلامی نزیکە لەوەی کە سڵاو لەکۆتایی دەسەڵاتی 43 ساڵەی خۆی بکات، هەر بۆیە نەک ئەم هەڕەشانە و نەک سازکردنی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکە ناتوانێت پێش بە شەپۆلی نارەزایی خەڵکی کوردستان و ئێران بگرێت.

بژی هاوپشتی و یەکگرتووی خەڵکی کوردستان لەگەڵ سەرانسەری ئێران
بڕوخێ کۆماری ئیسلامی ئێران
ژن ، ژیان، ئازادی

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## ڕاگەیەنراوی ناوەندی هاوکاریی سەبارەت بە:

## نامەی نوێنەری هەمیشەیی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئەنجومەنی ئاسایش

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری "تەسنیم"ی سەر بە سوپای پاسداران، نوێنەری هەمیشەیی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پاساوی چالاکیی سەربازیی لەخاکی عێراق و پێشێلکردنی سەروەریی خاکی کوردستانی عێراق و هێرشبردنە سەر بارەگای حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕایگەیاندوە: "حیزبەکانی کوردستانی ئێران تێرۆریستن و لە خاکی کوردستانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

عێراقەوەو چالاکی تێرۆریستی دژی کۆماری ئیسلامی ئەنجام دەدەن."

ئێمە سەرەڕای ڕەتکردنەوەی ئەم وتە بێ بنەما و پوچانەی نوێنەری ڕژیمی ئێران، ڕایدەگەیەنین: چ هێرشی موشەکی بۆ سەر بارەگاکانی ئێمە و چ پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەریی عێراق و هەرێمی کوردستان، لە درێژەی سیاسەتی تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

لەئێستادا کە نارەزاییە جەماوەرییەکان و لەسەروویانەوە ژنانی ئێرانی بۆ ئازادیی و هەڵوەشاندنەوەی یاسا دژە ژنەکان و هەڵاواردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەباتێکی مەدەنی و ئاشتیخوازانە بەڕێوەدەبەن، سروشتی دیکتاتۆری و دژە مرۆیی ئەم ڕژیمە بۆ ڕای گشتی جیهان زیاتر لە هەموو کاتێک ڕۆشن بووەتەوە. ڕژیمی ئێران کە لەبەرامبەر ئەم ئاخێزە جەماوەرییەدا دۆشداماوە، لەهەوڵی ئەوەدایە بە هەڵگیرساندنی شەڕ لە دەرەوەی سنورەکان، سەرنجەکان لەسەر کوشتار و سەرکوتی وەحشیانەی خەڵک لەشارەکانی ئێران بە لاڕێدا ببات.

بەبارمتەکردنی خەڵکی بیانی، بڵاوکردنەوەی دانپێدانانە تەلەفزیۆنییەکان لەژێر ئەشکەنجە کە تەنانەت هاوڵاتیانی بیانیشی گرتووەتەوە، هەوڵە نەزۆکە تێرۆریستییەکان لە ئورووپا لە لایەن بەکرێگیراوانی سەر بە باڵوێزخانەکانی ئێران، تیرۆری کەسایەتییە سیاسییەکان بەتایبەتی ڕێبەرانی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە، پشتیوانی لە میلیشیا تررۆریستەکانی ناوچەکە و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان، سیاسەتی بەردەوام و نەگۆڕی کۆماری ئیسلامییە.

خەڵکی کوردستان کە زیاتر لە چوار دەیەیە قوربانی سیاسەتی کوشتار و تیرۆرە، ئەمڕۆ هاوشان و هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران ئاخێزێکی سیاسی بۆ گۆڕینی ئەم دەسەڵاتە و دامەزراندنی ئێرانێکی دیمۆکراتیک دەست پێکردوە.

داواکاری ئێمە لە ئەنجومەنی ئاسایش و سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە پشتگیری جیدی لە خواستی خەڵکی ئێران و کوردستان و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بکەن و سەرەڕای مەحکومکردنی ئەم ڕژیمە تێرۆریست پەروەرە، کورسی نوێنەرایەتی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوکان وەربگرنەوە و نوێنەری ئێستای ئێران کە ئەندامی ئۆرگانی تێرۆریستی سوپای پاسدارانە دەربکەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢١ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: جینایەتی زیندانی ئیڤین بێوەڵام نامێنێتەوە

ئەمشەو زیندانی ئیڤینیان ئاگر تێبەردا. ئەوە دووپاتبوونەوەی کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ٦٧ و بەردەوامیی جینایەت، منداڵئازاری و کوشتوبڕەکانیان لە زانکۆ و قوتابخانەکانە.

ئێمە وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە هیچ شک و گومانێکمان نییە کە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە لێبڕاوییەوە دەستدرێژیی ڕووهەڵماڵاوانەی ڕێژیم بۆ سەر گیانی زیندانییانی سیاسی و ڕۆڵە بوێرەکانیان بێوەڵام ناهێڵنەوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چاوەڕوانیی ئەوەی هەیە لە بڕیارێکی هاومەبەست و یەکخەر لە پێناو "مانگرتنی سەرانسەری"دا هەنگاو هەڵێنینەوە و هەموو هێزە سیاسی، مەدەنی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان هاوهەنگاوی لەگەڵ خەڵکی ئێران ئیرادە و تووڕەیی خۆیان دژی کۆماری ئیسلامی پێشان بدەن. ئێمە لەجێدا ئامادەیی خۆمان بۆ ئەو هاوپێوەندییە سەرانسەرییە دەردەبڕین و هیواداریین کە یەکدەنگ و یەکگر بەگژ کۆماری ئیسلامی و جینایەتەکانیدا بچینەوە.

بە مانگرتنی سەراسەری و بەردەوامیی نارەزایەتییەکان شوورەی زیندانەکان دەڕمێن و تێکدەڕووخێن. بەرپرسایەتیی گیانی یەک بە یەکی زیندانییانی سیاسی لەئەستۆی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییە. لەو پێوەندییەدا داوا لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان دەکەین لە هەمبەر ئەو کارەساتەدا بێدەنگ نەبن و بۆ داکۆکی لە زیندانییەکان و خەڵکی بەندکراوی ئێران هەنگاوی بەکردەوە هەڵێننەوە.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٤ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ناوەندی هاوکاری پشتیوانی لە بانگەوازی خۆپیشاندانی ڕۆژی شەممەی بەرلین دەکات و خوازیاری مانگرتن و ناڕەزایی سەرتاسەرییە لەئێران و کوردستاندا

خەڵکی خەباتکاری ئێران!

ئێرانیانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات!

لەدەستپێکی دووەمین مانگی ئاخێزی جەماوەریی دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ڕژیم بە توندوتیژییەکی زیاترەوە درێژە بە سیاسەتی سەرکوتی دڕندانە و دووپاتکردنەوەی تاوانی کوشتنی منداڵان دەدات. زیندانەکان لێوانلێون لە خۆپیشاندەرانی خەباتکار و زۆرێک لەشارەکان بەتوندی میلیتاریزە کراون.

لەلایەکی ترەوە ئاخێزی جەماوەریی نەک تەنیا لە ناوخۆی ئێران هاوپشتییەکی گەورەی پێکهێناوە، بەڵکو ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتیش سەرەڕای هەر جیاوازییەکی سیاسی، زمانیی و کلتوریی، هاوشانی خەبات و خۆڕاگری خەڵکی ئێران بەشێوەیەکی بێوێنە هاتوونەتە مەیدان و پشتیوانی بەرینی خەڵکی جیهانیان ڕاکێشاوە.

شەممەی داهاتوو ٢٢ی ئۆکتۆبر، یەکەمین شەممە لەدووەم مانگی ئاخێزی جەماوەریی، هەموو خەڵکی ئێران لەسەرتاسەری جیهان بە ئیرادەیەکی یەکگرتووتر لە هەمیشە بڕیاری نمایشی خۆپیشاندانێکی شکۆداریان داوە.

بەڕێز حامید ئیسماعیلیون، وتەبێژی ئەنجومەنی بنەماڵەی قوربانیانی فڕۆکە ئۆکرانییەکە، ئەمجار بانگەوازی خۆپیشاندانێکی گەورەی لەشاری بەرلینی ئاڵمان داوە. ئێمە پشتیوانی لەم بانگەوازە و بەشداری چالاکانە لەو خۆپیشاندانە دەکەین. داوا لەهەموو ئێرانییەکان، بەتایبەتی کوردانی نیشتەجێی ئاڵمان و ئورووپا دەکەین بەشێوەیەکی بەربڵاو بەشداری لە نمایشی هاوپشتی و ناڕەزایی لەشاری برلین و باقی پایتەختە ئوروپاییەکاندا بکەن.

هەروەها داوا لەسەرجەم جەماوەری خەڵک لەسەرتاسەری ئێران، لایەنە سیاسیەکان و هەڵسووڕاوانی سیاسی و مەدەنی دەکەین کە ڕۆژی شەممە ٣٠ ڕەزبەر لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بەولاوە لەسەرتاسەری ئێران دەست بە مانگرتن و ناڕەزایی بکەن، تا وەڵامێکی شیاو بە سەرکوتکەرانی خەڵکی ئێران و بکوژانی منداڵان و بەندکراوانی زیندانی ئێڤین بدەینەوە. داوا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکەین هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی کە خوازیاری رووخانی رژیمن، لەگەڵ بانگەوازی ناوەندا بانگەوازی بەشداری لەم ناڕەزاییە گشتییە لەسەرتاسەری ئێران بکەن تا هەموومان یەکدەنگ "نا"یەکی گەورەی دیکە بە کۆماری ئیسلامی بدەینەوە.

ژن، ژیان، ئازادی

سەرکەوێ ئاخێزی دیموکراسیخوازی لە ئێران
مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی و یاسا دژە ژنەکانی

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## ناوەندی هاوکاری: ڕۆژی شەممە بە مانگرتن وەڵامێکی شیاو بە سەرکوتکەرانی خەڵکی ئێران و بکوژانی منداڵان و بەندکراوان دەدەینەوە

خەڵکی خەباتکاری ئێران!
ئێرانیانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات!

لەدەستپێکی دووەمین مانگی ئاخێزی جەماوەریی دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیم بە توندوتیژییەکی زیاترەوە درێژە بە سیاسەتی سەرکوتی دڕندانە و دووپاتکردنەوەی تاوانی کوشتنی منداڵان دەدات. زیندانەکان لێوانلێون لە خۆپیشاندەرانی خەباتکار و زۆرێک لە شارەکان بەتوندی میلیتاریزە کراون.

لەلایەکی ترەوە ئاخێزی جەماوەریی نەک تەنیا لە نێوخۆی ئێران هاوپشتییەکی گەورەی پێکهێناوە، بەڵکو ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتیش سەرەڕای هەر جیاوازییەکی سیاسی، زمانی و کولتووری، هاوشانی خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی بێوێنە هاتوونەتە مەیدان و پشتیوانیی بەرینی خەڵکی جیهانیان بۆ ئەو ئاخێزە جەماوەرییە ڕاکێشاوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شەممەی داهاتوو ٢٢ی ئۆکتۆبر، یەکەمین شەممە لە دووەم مانگی ئاخێزی جەماوەری، هەموو خەڵکی ئێران لە سەرانسەری جیهان بە ئیرادەیەکی یەکگرتووتر لە هەمیشە بڕیاری نمایشی خۆپیشاندانێکی شکۆداریان داوە.

بەڕێز حامید ئیسماعیلیون، وتەبێژی ئەنجومەنی بنەماڵەی قوربانییانی فڕۆکە ئۆکرانییەکە، ئەمجار بانگەوازی خۆپیشاندانێکی گەورەی لە شاری بێرلینی ئاڵمان داوە. ئێمە پشتیوانی لەم بانگەوازە و بەشداریی چالاکانە لەو خۆپیشاندانە دەکەین. داوا لە هەموو ئێرانییەکان، بەتایبەتی کوردانی نیشتەجێی ئاڵمان و ئورووپاش دەکەین بە شێوەیەکی بەربڵاو بەشداری لە نمایشی هاوپشتی و نارەزایی لە شاری برلین و باقی پایتەختە ئوروپاییەکاندا بکەن.

هەروەها داوا لە سەرجەم جەماوەری خەڵک لە سەرانسەری ئێران، لایەنە سیاسییەکان و هەڵسوڕاوانی سیاسی و مەدەنی دەکەین کە ڕۆژی شەممە ٣٠ ڕەزبەر لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بەولاوە لەسەرانسەری ئێران دەست بە مانگرتن و نارەزایی بکەن، تا وەڵامێکی شیاو بە سەرکوتکەرانی خەڵکی ئێران و بکوژانی منداڵان و بەندکراوانی زیندانی ئێڤین بدەینەوە.
داوا دەکەین هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی کە خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمن، لەگەڵ بانگەوازی ناوەندا بانگەوازی بەشداری لەم نارەزاییە گشتییە لە سەرانسەری ئێران بکەن تا هەموومان یەکدەنگ "نا"یەکی گەورەی دیکە بە کۆماری ئیسلامی بدەینەوە.

ژن، ژیان، ئازادی
سەرکەوێ ئاخێزی دیموکراسیخوازی لە ئێران
مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی و یاسا دژەژنەکانی

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# بە زوویی چل ڕۆژ بە سەر کوشتنی ژینا دا تێپەڕ دەبێ

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

لاوەکان، کیژان و کوڕانی کۆڵنەدەر!

بە زوویی چل ڕۆژ بە سەر کوشتنی ژینا دا تێپەڕ دەبێ. کوشتنی زاڵمانەی ئەو بوو بە هۆی بزوتنەوەی گەورەی ژینا مەهسا کە سنورەکانی کوردستانی تێپەڕاند و گشت ئێرانی گرتەوە و ڕەوایی و عەداڵەتخوازیی بزوتنەوەی کوردستانی لای هەموان سەلماند.

دەسەڵاتدارانی رژیم لەو ماوەدا بە توندترین شێواز خەڵکی نارازییان سەرکوت کردوە و دەستیان لە کوشتنی هاوڵاتیان نەپاراستوە و، بە دروست ناوی رژیمی منداڵ کوژیان بەسەردا بڕا.

بۆیە ڕۆژی چوارشەممە ٤ی خەزەڵوەر هەمووان، ژن و پیاو لە هەموو شوێن و شار، بە جلی کوردی لەسەر گڵکوی شەهیدان کۆ دەبینەوە و ڕێز دەگرین لە ئاوات و گیانبازیەکانیان. دواتر دوای نیوەڕۆکەی بە ئامادەبوونمان لەسەر شەقامەکانی شار و بە هەڵدانی دروشم دژی رژیم و بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی هەمووومان بە یەکدەنگ داوای ئازادیی خێرای هەموو گیراوەکان دەکەین.

چلەی ژینا و ژیناکان دەکەینە ڕەمزی یەکگرتوویی گشتمان و زیندوو ڕاگرتنی یادی شەهیدان و پشتگیری لە ئازادبوونی زیندانییە سیاسییەکان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

راگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

## بەبۆنەی بەڕێوەچوونی نارەزاییەکانی چلەی ژیناوە

**ناوەندی هاوکاری: خەڵکی کوردستان بە ئاخێزی بوێرانە و کۆڵنەدانیان سەلماندیان کە کوردستان مەکۆی ئازادییە**

خەڵکی خەباتکار و ئازادیخوازی کوردستان!

مافخوازانی سەرتاسەری ئێران!

مامۆستایان، قوتابیان، کرێکاران و سەرجەم بازارییانی کوردستان و ئێران!

ڕەوەندی کوردی و سەرجەم هاونیشتمانانی دەرەوەی وڵات!

ئەمرۆ ٤ی خەزەڵوەر، چل ڕۆژ بە سەر شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و چل ڕۆژ خۆپیشاندان و نارەزایی لە دەسپێکی بزوتنەوەی نوێی ژینا تێپەڕ بوو. ئەمرۆ لە شاری سەقز لە شوێنی لەدایکبوونی ژینا خەڵکی ئەو شارە و بە هەزاران کەسی دیکە لە خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێران کە بە بۆنەی چلەی ژیناوە سەردانی ئەو شارەیان کردبوو؛ حەماسەیەکی دیکەیان خوڵقاند.

ئەمرۆ چلەی مەرگی ژینا بوو بە خاڵی وەرچەرخان لە بزوتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و لە مێژووی بزوتنەوەکەدا بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە. هاوکات لە هەموو شارەکانی کوردستان و زۆربەی شارەکانی ئێران بە بۆنەی چلەمین ڕۆژی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی مانگرتن و خۆپیشاندان و نارەزایی بەڕێوە چوو، و خەڵک بە بەرزکردنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی و دروشمی ڕووخانی ڕێژیم هاوپشتی سەرتاسەری خۆیان نیشان دایەوە و هەروەها ژنانی ئازادیخواز لە هەموو شارەکاندا پێشڕە و سەرقافڵەی ئەو نارەزاییانە بوون.

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان بە ئاخێزی بوێرانە و دەنگی بەرزی مافخوازانە و کۆڵنەدانیان سەلماندیان کە کوردستان قەڵای پۆڵایین و لەبننەهاتووی ئازادیخوازانە و مەکۆی ئازادی مرۆڤەکانە لەشۆڕشدا و تا وەدیهاتنی سەرجەم داخوازییە ڕەواکانی هەرگیز ناسرەوێت. بەم بۆنەیەوە ئێمەش لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، سەرەتا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی ئازیز و خۆشەویستی سەرجەم شەهیدانی شۆڕشی ئەمجارەمان و وێڕای سەرەخۆشی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بنەماڵە و کەسوکاریان و شانازیکردن بە یەکڕیزیی و یەکدەنگیی بێوێنەتان، لە قوڵایی دڵەوە سپاس و پێزانینی خۆمانتان پێشکەش دەکەین و بەڵێنیمان پاڵپشتیی و هاوخەباتیتانە تا دوافۆناغی سەرکەوتن.

ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی چل ڕۆژ تێکۆشان و ئەزموون و دەستکەوتی گەورە و بەنرخی سەرهەڵدانەکە، دیسانەوە قۆناغێکی نوێ دەکەوێتە سەر ڕێگامان کە پێویستیی بە چالاکیی و هەنگاوگەلی نوێ و شێوازی جیاوازتری بەردەوامبوونە. خەڵکی کوردستان بەدرێژایی خەباتی دەیان ساڵە بەگشتیی و ئاخێزەکانی ئەم چل ڕۆژەی بەتایبەتیی، گەیشتووەتە ئاستێک خۆی ڕابەریی بزوتنەوەکەی بکات و بە ڕێکاری جیاجیا و داهێنەرانە بەرانبەر بە سەرکوت و کوشتاری ڕژیم هەڵوێست وەربگرێت. لەکۆتاییدا جارێکی دیکە سپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرجەم خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران دەکەین، دەستیان دەگوشین.

بژی خۆڕاگری و یەکگرتوویی و هاوپشتیمان!
بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## ڕاگەیاندنی ناوەندی هاوکاریی سەبارەت بە دۆخی هەستیاری مەهاباد و شارەکانی کوردستان

هاونیشتمانیانی خەباتکار
حیزب و لایەنە سیاسییەکان کوردستان و ئێران
ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ

خۆپیشاندان و ناڕەزایی کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران و کوردستان لە ماوەی چل ڕۆژی ڕابردوودا تا دێت بەرینتر دەبێت و یەکگرتویی نێوان هەموو چین و توێژەکان و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران ڕوو لە زیادبوون دەکات. ڕۆژی ٤ی خەزەڵوەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەسەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ سازدانی رێورەسمەکانی چلەمین رۆژی شەهیدبونی ژینا؛ نارەزاییەکانی ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە گەیشتە لوتکە و گەیشتە قۆناغێک کە چیتر گەرانەوەی بۆ نیە. لە سەرتاسەری ئێرانیش خۆپیشاندانەکان بۆ پشتیوانی لە کوردستان و بە بۆنەی چلەی ژینا زۆربەی شارەکانی گرتەوە و بەمەش یەکگرتوویی نێوان خەڵکی نارازی لەکوردستان و ئێران پتەوتر بوو.

هاوکات لەگەڵ بەرین بوونەوە خۆپیشاندانەکان و چوونە سەرەوەی ورەی جەماوەر؛ هێزەکانی رژێم بێرەحمانەتر سەرکوتی خۆپیشاندەران دەکەن. هەر لەماوەی دوو رۆژی رابردوودا لە قەسری شیرین تا ورمێ حەوت کەس شەهید بوون و سەدان کەسیش بریندار بوون کە بەم بۆنەوە سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکان دەکەین و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین.

سیاسەتی ناوەندی هاوکاریی لەم بزوتنەوە نوێیەدا پێکهێنان و پاراستنی یەکگرتوویی و هاوپشتی نێوان بزوتنەوەی کوردستان و بزوتنەوەی سەرتاسەری بووە، بۆیە جەخت لەسەر پاراستنی هێمنیی خۆپیشاندانەکان و وتنەوەی ئەو دروشمانە دەکەینەوە کە گشتگیر بن و خزمەت بە جەماوەریترکردنی شۆرشەکە بکات. داوا لە کچان و کورانی خەباتکاری کورد دەکەین لە خۆپیشاندان و نارەزاییەکاندا تاکتیکێک بگرنەبەر کە یارمەتیدەری ئەو یەکگرتووییە بەنرخە بێت کە ئێستا لە سەرتاسەری کوردستان و ئێراندا دروست بووە. هەروەها شێوازی خەبات و بەرخۆدانمان یارمەتیدەری بەرینتر بوونەوەی بزووتنەوەکە و بەشداریی جەماوەری زیاتر لە خۆپیشاندانەکاندا بێت.

بۆیە ئەرکی هەموومانە رێگری لەوە بکەین کە هێزە سەرکوتکەرەکانی رژێم بیانوی سەرکوتی خوێناوی بەدەست بێنن. هاوکات لەگەڵ سەرجەم شارەکانی کوردستان لە رۆژی 4ی خەزەڵوەر خەڵکی خەباتکاری مەهاباد بە داخستنی دوکان و بازارکان رژانە سەر شەقامەکان و دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نارەزاییان دەربری، هێزەکانی رژێم بە خێرایی دۆخی شاری مەهابادیان میلیتاریزە کرد و سەرکوتی خۆپیشاندەران و گرتنی خەڵکی نارازی دەستی پێکرد کە تا ئێستاش مەترسی گرتن و کوشتن لەسەر خەڵکی راپەریوی مەهاباد هەیە.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران داوا لە هەموو خەڵکی سەرتاسەری کوردستان و ئێران هەروەها ئازادیخوازانی نیشتەجێی هەندەران دەکەین کە بە هەموو شێوازێکی گونجاو پشتیوانی خۆیان لە خەڵکی راپەریوی مەهاباد و باقی شارەکانی کوردستان دەرببرن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

داوا لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەکەین لەسەر خەت بن و بە هەموو شێوازێکی بەردەست رێگری لەوە بکەن کە هێزەکانی رژیم لە مەهاباد و شارەکانی دیکە کارەساتێکی مرۆیی و کۆمەڵکوژی ساز بکەن.

رەوەندی کوردی و ئازادیخوازانی ئێرانی لەدەرەوە وڵات بە بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکان سەرکوت و کوشتار خەڵکی نارازی لەلایەن هێزەکانی رژیم زیاتر لەقاو بدەن.

سەرکەوێ بزوتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی
مەرگ و نەمان بۆ رژێمی کۆماری ئیسلامی

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## ناوەندی هاوکاریی هەندێ دەنگۆی نابەرپرسیارانە رەتدەکاتەوە

خەڵکی خەباتکار، هەڵسوڕاوانی سیاسی و هاوڕێیان!

لەماوەی هەفتەی رابردوودا لە فەزای مەجازی و لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەکی نابەرپرسیارانە و بە ئەنقەست کۆمەڵێک دەنگۆی بێ بنەما سەبارەت بە کۆبوونەوەی بەرپرسانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ لایەنە تایبەتەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بڵاوکرایەوە.

ئێمە سەرەڕای رەتکردنەوەی هەموو ئەو دەنگۆیانە و مەحکومکردنی ئەو شێوازە ناسیاسی و نائەخلاقییانە لە کەشی سیاسی کوردستاندا، رایدەگەیەنین: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هیچ پەیوەندی و دیالۆگێک لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی خوازیاری روخانی کۆماری ئیسلامی سڵ ناکاتەوە. بەپێچەوانەوە ئێمە زۆر شەفاف و رۆشن دەڵێین کە خوازیاری دیالۆگ و هاودەنگی لەگەڵ هەموو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە ئاراستەی پێکهێنانی ئاڵتەرناتیڤێکی دیموکراتیک، سێکۆلار،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خوازیاری لامەرکەزی و پلۆرالیست بۆ ئێرانی داهاتووین. لەهەمانکاتدا راشکاوانە پێداگری لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستانو، هاوپشتی و یەکگرتوویی کوردستان لەگەڵ باقی خەڵکی ئێران دەکەینەوە.

هەروا کە هەمووان دەزانن و لەم ماوەی رابردووشدا زۆرتر ئاشکرابوو کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران جێگا متمانەی جەماوەری خەڵکی کوردستانی ئێرانە و لەسەرتاسەری ئێرانیشدا جێگابڕوا و خاوەنی پێگەیە. بۆیە سروشتییە کە کەسان و لایەنگەلێک هەوڵ بدەن تێرادیوی و متمانەی خەڵک بە ئێمە خەوشدار بکەن، بەڵام ئەوە تەنیا خەیاڵی خاوە و ئەو جۆرە کردارانەیان بێجگە لە زیان گەیاندن بە خۆیان و بە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵی کوردستان هیچ سودێکی نابێت.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## ناوەندی هاوکاریی: بە "مەحارەب" ناساندنی خەڵکی ئازادیخواز نیشانەی داماویی رژیمە

خەڵکی خەباتکاری کوردستان و ئێران
چالاکوانان، مامۆستایان، خوێندکاران و ژنانی خەباتکار

رۆژێک پاش بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ٢٢٧ نوێنەری مەجلیسی شۆرای ئیسلامی سەبارەت بە مەحارەب ناولێبردنی خەڵکی نارازی و ئازادیخوازی ئێران، سەرۆک دەزگای قەزایی رژیمیش لە وتەیەکدا پشتگیری ئەو بەیاننامەیە دەکات و رەزامەندی خۆی لەسەر ئێعدامی ژمارەیەک لە دەستگیرکراوەکانی ئەم دواییە نیشان دەدات. غوڵامحسەین موحسنی ئێژەیی ئەو ژن و پیاوە ئازادیخوازانەی کە لە ئاخێزەکانی ئەم دواییە دەستگیرکراون وەک دوژمنی ئەمنیەتی ئێران و ناو لێدەبات و لەگەڵ ئەوەیە ژمارەیەکیان لەسێدارە بدرێن.

ئەم جۆرە لێدوانانەی نوێنەران و بەرپرسانی رژێم لە مەحارەب ناولێبردنی ئازادیخوازانی ئێران کە نیشانەی بێدەرەتانی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

داماویی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە، لەکاتێکدایە کە نارەزاییەکان و خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام لەکوردستان و زۆربەی ناوچەکانی ئێران لە هەشتەمین حەوتووی خۆیدایە و سەرەڕای سەرکوتی دڕندانە لەلایەن هێزەکانی ڕژیم، ژمارەی خۆپیشاندەران ڕووی لەزیادبوونەوە ڕوخانی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بووتە خواستێکی گشتیی سەرتاسەری ئێراندا.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەیاننامەی ٢٢٧ نوێنەری مەجلیس و لێدوانی سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕژیم بە توندی مەحکوم دەکات و داوا لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک لەکوردستان و ئێران دەکات لە نارەزاییەکان و خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام و بەهەر شێوازێکی گونجاو ئەم بەناو نوێنەرانەی مەجلیس و بەرپرسانی ڕژیم ریسوا و ئیدانە بکەن.

بەیاننامەی نوێنەرانی مەجلیس و بەدوای ئەوە لێدوانەکانی غولام حسێن ئێژەیی باس لە ئەگەری جێبەجێکردنی پیلانێکی شومی دیکە دژە بە خەڵکی خەباتکاری کوردستان و ئێران، بەتایبەتی گیراوەکانی ئەم بزوتنەوە نوێیە و زیندانیانی سیاسییەکان دەکات. هەر بۆیە داوا لە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران دەکەین سەرەڕای محکومکردنی ئەم جۆرە لێدوانانەی بەرپرسانی ڕژیم هەوڵ بۆ لەقاودانی ئەم سیاسەتە شومە بدەن.

داوا لە سەرجەم ناوەند نێونەتەوەییەکان و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین بۆ ئازادی سەرجەم زیندانیان سیاسی و گیراوەکانی بزوتنەوە نوێ، گوشارەکانی خۆیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی زیاتر بکەن و لەبەرامبەر سەرکوت و کوشتاری بێ بەزەییانەی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بێدەنگ نەبن.

سەرکەوێ بزوتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێران
بڕوخێ دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێران
ژن، ژیان، ئازادی

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٦ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٧ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ناوەندی هاوکاری پشتیوانیی لە بەڕێوەچوونی چلەی شەهیدانی بەلووچستان کرد

خەڵکی خەباتکاری ئێران و کوردستان

هەر وەک دەزانن بنەماڵەی گیانبەختکردووان و گرووپەکانی دیکە و دامەزراوە سیاسییەکان خوازیاری بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێک بە مەبەستی نارەزایەتی لە چلەی شەهیدانی بەلووچستانن .

ئێمە سەرەڕای پشتیوانی لە ڕێوڕەسمی چلەی شەهیدان، لە ڕاستای هاواهەنگیی زیاتر و پشتیوانیی بەرینتر لە نارەزایەتییەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران، داوا لە گشت کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان دەکەین لە ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی خەزەڵوەردا، بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەگونجێت کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی بەلووچستان لە هەینی خوێناویدا مەحکووم بکەن. هەروەها هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردووان و خەڵکی خەباتکاری بەلووچستان دەرببڕن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ناوەندی هاوکاریی و کۆمەڵەی کۆمۆنیست کۆبوونەوە

بە مەبەستی هاوئاهەنگی و هاوکاری زیاتری نێوان حیزب و لایەنەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئێوارە ڕۆژی 20ی خەزەڵوەر هەر دوو شاندی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران(کۆمەڵە) کۆبوونەوە.

وەفدی کۆمەڵەی کۆمۆنیست بریتیبوون لە بەڕێزان: ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێر، حەسەن رەحمان پەنا جێگری سکرتێر و ئەحمەد ساڵحی ئەندامی ڕێبەری.

وەفدی ناوەند بریتی بوون لە بەڕێزان: عومەر ئێلخانیزادە سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و بەرپرسی دەورەیی ناوەند، ئەبوبەکر مودەریسی جێگری سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، محەمەد نەزیف قادری بەرپرسی ناوەندی پەیوەندییە گشتیەکانی و ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری حدکا، عەتا ناسرسەقزی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.

لە دیدارەکەدا باس لە هەماهەنگی و هاودەنگی دوو لایەن لەم دەورەی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە کرا و هەروەها قسەو باسێکی چڕوپڕ لەسەر ئاخێزەکانی ئەم دواییەی کوردستان و ئێران کرا و هەر دوو لا جەختیان لەسەر پێویستی یەکگرتوویی و پێکەوەکارکردنی هەموو حیزبەکان کردەوە و هاوڕا بوون لەسەر هەندێک خاڵی سەرەکی هاوکاری لەو قۆناغەی بزوتنەوەی کوردستان.
هەروەها بڕیاردرا لە دانیشتنێکی دواتردا و زوو بە زوو پێشنیار و گەلاڵەی دیاریکراو بۆ ڕاوێژ و هاوکاری باسی لێوە بکرێ تا هاوکاری و هاوئاهەنگی شیاوی هەلومەرجی ئێستا و دواتری کوردستان بێننە دی.

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵە
ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٢ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بانگەوازی ناوەندی هاوکاری بۆ ئاکسیۆنی رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

ژنانی خەباتکاری ئێران و کوردستان!

ئێرانیانی ئازادیخوازی دەرەوەی وڵات!

ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ئێستا کە پێی ناوەتە سێهەمین مانگی خۆی، لەپاش کوشتنی بەناحەقی ژینا (مەهسا) ئەمینی بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی و سوتاندنی روسەرییەکان وەک هێمای ئایدیۆلۆژیکی سەرکوتی ژنان لە ئێران لەلایەن ژنانی کوردەوە بڵێسەی سەند و لەلایەن ژنانی ئازادیخوازی ئێرانەوە بوو بە راپەڕینێکی سەرتاسەری. ئەم ئاخێزە جەماوەرییە ئێستا لەهەموو ئێراندا بووەتە شۆڕشێکی تەواو عەیار و سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەیی، رەگەزیی، مەزهەبی و سیاسی هاوپشتییەکی بێوێنەی مێژوویی لە نێوان خەڵکانی ئێراندا دروست کردوە.

یەکگرتوویی خەڵکی ئێران چ لەناوخۆ و چ لەدەرەوەی وڵات لەجۆری خۆیدا بێهاوتایە. ئەم راپەڕینە جەماوەرییە بەشێوەیەکی بەرین پشتیوانی و سەرنجی رای گشتیی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشاوە و هەموو ئازادیخوازانی سەراسەری جیهانی دڵخۆش کردوە و سیمای راستەقینەی خەڵکی ئێرانیشی نیشانداوە.

هەموو دەزانین کە ئەم بزوتنەوەیە، راپەڕینێکی ژن تەوەر، سێکۆلار، دیموکرات، شوناسخواز و ئازادیخوازە کە نەوەی لاو هاوشانی ژنان هێزی بزوێنەری بزوتنەوەکەن. شۆڕشێکە کە بنەماکانی حکومەتی مەزهەبی، تۆتالیتێر، دژەژن و ستەمکاری کۆماری ئیسلامی هێناوەتە لەرزە و بەسووربوونی لەسەر روخانی ئەم رژیم رۆژ لەدوای رۆژ هێز و توانی زیاتر دەبێت. زیادەڕۆی نیە ئەگەر بڵێین موژدەی رزگاربوون لە دواکەوتویی نەک لە ئێران بەڵکو لە هەموو ناوچەکە لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

لەئێستادا کە بەرەوپیری رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەچین، جێگەی خۆیەتی رۆژی شەممە ٢٦ی نۆڤامبر خۆپیشاندانی نارەزایی ئێرانیان لەسەراسەری جیهان بۆ رێزگرتن لەم رۆژە تەرخان بکەین و رێز لە پێشڕەوبوونی ژنان لەم شۆڕشەدا بگرین. پێویستە لەم رۆژەدا وتارەکان، دروشمەکان و کۆی رێورەسمەکان بۆ برەودان و ناساندنی رۆڵی ژن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەم شۆڕشە تەرخان بکرێت و هەمووان گوێ بۆ خەباتکارانی ڕێگەی ڕزگاری ژنان رادێرین و لە بزوتنەوەی جیهانی ژنان و هەموو وڵاتان داوا بکەین پشتیوانی لەم شۆڕشە بکەن.

ئێمە داوا لە هەموو رێکخراوەکانی ژنانی کورد و ئێرانی و هەموو چالاکوانانی بزوتنەوەی ژنان دەکەین پشتیوانی لەم بانگەوازە بکەن تا پێکەوە و لە رۆژێکدا هەموو ژنان و پیاوانی ئێران رێز لەم رۆژە بگرن. هەروەها داوا لە هەموو کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن و رەوتە سیاسی و مەدەنییەکان و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین بەم ئاکسیۆنە جیهانییە پەیوەست بن و هەموو پێکەوە یەکگرتوویی و هاوپشتی ژنان و پیاوانی ئێران لەبەرامبەر ئاپارتایدی رەگەزی و رژێمی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی بۆ رای گشتیی جیهان بنوێنین.

بەرز و بەڕێزبێت رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان
سەرکەوێ خەباتی ژنان بۆ رزگاری و یەکسانی رەگەزی

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٢ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٣ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ناوەندی هاوکاریی: هێزەکانی رژیم جارێکی دیکە بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی بۆردومان کرد

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان

ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ

سەرلەبەیانی ئەمرۆ ۲۳ی خەزەڵوەری ۱٤۰۱ بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناوچەی سلێمانی کەوتە بە هێرشی موشەکی و درۆنەکانی کۆماری ئیسلامییەوە.

لەم هێرشەدا سەرەڕای زیانە مادییەکان دوو کەس لە هاوڕێیان شەهید بوون و ژمارەیەکی دیکەش لە بریندار بوون. ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەرەڕای مەحکوم کردنی ئەو هێرشە دڕندانە داوا لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات بەرامبەر بەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی و بۆردومانکردنی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکان کە ژمارەیەکی بەرچاو خێزان و ژن و منداڵ تێیدا دەژین بێدەنگ نەبن.

لە راگەیاندنەکانی دواتردا لە وردەکاریی ئەو هێرش و تاوانانەی کۆماری ئیسلامی ئاگادارتان دەکەینەوە.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

۲۳ی خەزەڵوەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۱٤ی نۆڤامبری ۲۰۲۲ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە دوایین پەلەقاژەی بەر لە نەمانتان تێدەگەین

بە ناوی "ژن، ژیان، ئازادی"

لە کاتێکدا خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران خۆیان ئامادە دەکەن بە وزە و گوڕوتینێکی زیاتر و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە پێ بنێنە مانگی سێیەمی شۆڕشەکەیانەوە، سپای تیرۆریستی پاسداران جارێکیتر بە موشەک و درۆن هێرشی کردەوە سەر بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستان لە قووڵایی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە ئەو پەلامارە مووشەکییە دوو شەهید و ژمارەیەک برینداری لێکەوتەوە.

ئێمە و هەموو خەڵکی کوردستان و ئێران ئێستا سەیری دیمەنەکانی دوایین پەلەقاژەی بەر لە نەمانتان دەکەین. ئێستا نەک ئێمە و خەڵکی کوردستان و ئێران، بەڵکو خۆشتان دڵنیان ئەوەی دەبێت چۆک دابدات و لەنێو بچێت ئێوەن، نەک ئیرادەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران. بەدڵنیاییەوە ئێوەش دەزانن کە بنکە و بارەگای سەرەکیی حیزبەکانی کوردستان لەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندان و هەموو ماڵێک و کۆڵان و گەڕەکێک و، هەموو شار و گوندێکی کوردستان سەنگەر و بنکە و بارەگای ئێمەیە. خەڵکی کوردستانیش نە بە مووشەک و درۆن چاوترسێن دەکرێن و نە شۆڕشەکەشیان بەم هێرشە ترسنۆکانەیە بەلاڕێدا دەچێت.

لەم بارودۆخەدا داوا دەکەین:

یەکەم، خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر وەک دەستپێکی مانگی سێیەمی شۆڕش، سەرلەبەیانی تا نیوەڕۆ بە مانگرتنی گشتی و لە دوای کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆش بە خۆپیشاندانی بەهێز و بەرفراوان پێشوازی لە مانگی سێیەمی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بکەن.

دووەم، لە ماوەی دوو مانگی شۆڕشدا بازاڕەکانی کوردستان ١٢ ڕۆژی تەواو لە مانگرتندابوون و بازاڕییەکانی کوردستان لەم ماوەیەدا قورساییەکی زۆری باری شۆڕشیان خستووەتەسەر شانی خۆیان. هەربۆیە لە پێناو بەهێزکردنی یەکگرتوویی هەموو خەڵکی ئێراندا، داوا لە هەموو لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران و هەموو چالاکوانان و کۆمیتەکانی گەڕەکەکان و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە لەم ماوەیەدا لەم شۆڕشەدا ڕۆڵیان هەبووە لە مانگی سێیەمی شۆڕشدا جگە لە بەهێزکردنی خۆپیشاندانەکان، بە هەموو هێز و توانایانەوە هەوڵ بدەن کە بازاڕی شارە گەورەکان و کرێکارانی کارگە پیشەسازییەکان پەیوەستی مانگرتنەکان بن. بەمەش نەک هەر ئاستی یەکگرتوویی هەموو خەڵکی ئێران پتەوتر دەبێت، بەڵکو هەنگاوێکی گەورەش لە سەرکەوتنی یەکجاری شۆڕش نزیک دەبینەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٢٣ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٤ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی**

---

## ناوەندی هاوکاریی: هێزەکانی ڕژیم جارێکی دیکە بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆردومان کرد

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان

ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ

سەرلەبەیانی ئەمرۆ ٢٣ی خەزەڵوەری ١٤٠١ بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناوچەی سلێمانی کەوتە بە هێرشی موشەکی و دڕۆنەکانی کۆماری ئیسلامییەوە.

لەم هێرشەدا سەرەڕای زیانە مادییەکان دوو کەس لە هاوڕێیان شەهید بوون و ژمارەیەکی دیکەش لە برینداربوون.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەرەڕای مەحکوم کردنی ئەو هێرشە دڕەندانە داوا لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات بەرامبەر بەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی و بۆردومانکردنی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکان کە ژمارەیەکی بەرچاو خێزان و ژن و منداڵ تێیدا دەژین بێدەنگ نەبن.

لە ڕاگەیاندنەکانی دواتردا لە وردەکاریی ئەو هێرش و تاوانانەی کۆماری ئیسلامی ئاگادارتان دەکەینەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٣ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٤ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## بانگەوازی ناوەندی هاوکاری بۆ پشتیوانیی سەراسەری ئێران لە خەڵکی کوردستان

خەڵکی خەباتکاری ئێران !

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان!

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و لە درێژەی ناڕەزاییە جەماوەرییەکان لە سەرانسەری ئێراندا، کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرچاو سەرجەم شارەکانی کوردستانی میلیتاریزە کردووە و لە سەرکوتی خوێناویی خەڵکی ناڕازی هیچ سڵ ناکاتەوە. لە هەموو کوردستان ڕێژیم بە نەهێشتنی ئینترنێت و برق لە چەندین ناوچە و گەڕەکی شارەکان و هێنانی هێزێکی زۆری ئینتزامی و پاسدار بە تانک و زرێپۆش لە شەقام و مەیدانەکان کەشێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێیان لە کورستان دروست کردوە و لە چەندین شار دەستیان داوەتە کوشتاری خەڵکی ئازادیخوازی کورد.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران داوا لە هەموو خەڵکی خەباتکاری ئێران دەکات بە هەر شێوازێکی گونجاو و بە بەشداریی بەرینی خۆیان لە ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام پشتیوانیی خۆیان لەخەڵکی خۆڕاگر و خەباتکاری کوردستان ڕابگەیەنن و یەکگرتوویی و هاوپشتی سەرتاسەری دژی کۆماری ئیسلامی بەهێزتر بکەن. داوا لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان دەکەین بۆ پێشگرتن لە کوشتاری خەڵک لە کوردستان، گوشارەکانی خۆیان بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە خۆڕاگری قارەمانانەی خەڵکی کورد بکەن.

ژن، ژیان، ئازادی

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٩ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ناوەندی هاوکاری: کۆماری ئیسلامی بنکە و بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی موشەکباران کرد

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان!

کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتانی خاوەن بڕیار!

ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ!

نیوەشەوی ٢٩ی لەسەر ٣٠ی خەزەڵوەر سپای تیرۆریستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە بە مووشەک و درۆن بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستاندا کردە ئامانج، کە بەداخەوە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات و چەند بریندارێ دیکەی لێ کەوتەوە.

کۆماری ئیسلامی کە لە ئاست خرۆشانی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران دۆشداماوە بووە، بۆ بەلاڕێدا بردنەوەی شۆڕشی نوێ و دوورخستنەوەی ڕای گشتیی جیهان لەسەر ئەم ئاخێزە گەورەیەی کوردستان و ئێران، وێڕای هەڕەشەی بەردەوامی هێرشکردنە سەر خاکی هەرێمی کوردستان، ناوە ناوەش بنکە و بارەگاکان و کەمپی دانیشتووانی مەدەنیی حیزبەکان دەکاتە ئامانج.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەرەڕای مەحکوومکردنی ئەو هێرشە دڕندانەیە داوا لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات بەرامبەر بەم زنجیرە تاوانەی کۆماری ئیسلامی و بۆردومانکردنی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکان کە ژمارەیەکی بەرچاو خێزان و ژن و منداڵ تێیدا دەژین بێدەنگ نەبن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بانگەوازی ناوەندی هاوکاری بۆ مانگرتنی گشتی رۆژی ٣ی سەرماوەز لە سەرتاسەری ئێران

خەڵکی خەباتکاری ئێران

ژنان، کرێکاران، بازاڕیان، خوێندکاران و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران

زیاتر لە دوو مانگە کە ئاخێزی شۆڕشگێرانەتان دژی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بەردەوامە و زۆربەی ناوچەکانی ئێرانی گرتووەتەوە. خەڵکی خۆڕاگر و خەباتکاری ئێران لە شۆڕشی نوێی ژن، ژیان، ئازادی روخانی ئەم رژیمە خوێنرێژەیان کردووەتە ئامانج و تا سەرکەوتنی یەکجاری هەدا نادەن.

لەم رێبازەدا بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناڕازی لەوانە زیاتر لە ٥٠ منداڵ بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکان گیانیان لەدەستداوە و بەهەزاران کەسیش بریندار بوون یان دەستگیرکراون. لەم نێوەندەدا کوردستان کە هەمیشە و لەهەموو قۆناغەکاندا پێشڕەوی خەبات دژی رژیم و مەتەرێزی لەشکان نەهاتووی خەڵکی ئازادیخوازی سەراسەری ئێران بووە، پشکێکی گەورەی لەم قوربانیدانە کەوتووەتە سەرشان و رۆژانە شاهیدی هێرشی بێڕەحمانەی هێزی ئینتزامی و پاسدارانی تیرۆریست بۆ سەر خەڵکی کۆڵان و شەقامەکانی کوردستانین کە بەچەکی جەنگی دەیانکەنە ئامانج. چەند رۆژێکە رژیم بە هەموو هێزی خۆیەوە لە کوردستان حەمامی خوێنی وەڕێکسختووە و قەتڵوعامی گشتیی گرتووەتەبەر.

ئەم ئاخێزە سەرتاسەرییە بە بێ هاودڵی و یەکگرتوویی زیاتری هەموو چین و توێژەکانی خەڵک بەسەرکەوتن ناگات. ئێمە وەک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران داوا لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان، چالاکوانانی مەدەنی و هەموو توێژەکانی خەڵک لەسەراسەری ئێران دەکەین لە پێناو بەهێزکردنی ئەم یەکگرتوویە و پشتیوانی لەخەڵکی خەباتکاری کوردستان رۆژی پێنجشەممە ٣ی سەرماوەزی ١٤٠١ مانگرتنێکی گشتیی بەڕێوەببەن.

داوا لە هەموو ژنانی خەباتکار، کرێکارانی ناوەندە پیشەسازییەکان، بازاڕیان، مامۆستایان و خوێندکاران دەکەین لەم رۆژەدا بە مانگرتنی گشتیی پەیوەست بن. هەروەها میدیا دیموکراتیک و ئازادیخوازەکان بە بڵاوکردنەوە و رومالکردنی ئەم بانگەوازە پشتیوانی خۆیان لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران رابگەیەنن تا جارێکی دیکە هەموو پێکەوە بە دەنگێکی بەرز خوازیاری روخانی ئەم رژیم منداڵکوژە بین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژن، ژیان، ئازادی

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: بە فریای خەڵکی کوردستان بکەون

بەڕێز سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان!

کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان!

دەوڵەتان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ!

نزیک بە ٧٠ ڕۆژ بەسەر نارەزایەتییە جەماوەرییە بەربڵاوەکانی ئێراندا تێدەپەڕێ. چەخماغەی ئەم سەرهەڵدانە، نارەزایەتی دەربڕین بە کوشتنی بێبەزەییانەی ژینا (مەهسا) ئەمینی لە تاران بە دەستی پۆلیسی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەم نارەزایەتییانە لە شاری سەقزی کوردستانەوە بە دروشمی "ژن، ژیان؛ ئازادی" زۆر هێمنانە دەستی پێکرد و بۆ هەموو کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران پەلی هاویشت و لە دەرەوەی وڵاتیش سەرنج و پشتیوانی زۆری کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و غەیرە سیاسییەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. بەڵام وەڵامی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم دۆخە سەرەتا حاشاکردن لە کوشتنی ژینا بوو، و دواتریش بە سەرکوتی دڕندانەی خۆپیشاندەران گیانی سەدان کەسی دیکەیان ئەستاند و خۆپێشاندانە ئارامەکانیان بەرەو توندوتیژی و کوشتن و گرتن ڕاکێشا.

ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی باس لەوە دەکەن کەم، لە ئاستی ئێراندا هەتا ئێستا ٤٤٥ کەس کوژراون کە ٦٣ کەس لەوان خوار تەمەن ١٨ ساڵ و ٤٣ کەس لەوان ژنن. هەر ئەو ئامارانە دەڵێن کە زۆرترین کوژراوەکان لە ناوچە هەمیشە پەراوێزخراوەکانی بەلوچستان و کوردستان بوون، بە جۆرێک کە لە کوردستان هەتا ئێستا شوناسی ١٠٨ کوژراو زاندراوە کە ١١ کەس لەوان منداڵ و ٥ کەس لەوان ژنن و لەو ئامارەش لانیکەم ٦ کەس لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە .



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامیی ئێران جگە لە تاوانی بەکارهێنانی چەکی شەڕ دژ بە خۆپیشاندەران لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران، کوردستانی زیاتر لە هەر شوێنێک میلیتاریزە کردوە و دڕندانە خەڵک دەکوژێت، تەنانەت لە بەشێک لە شارەکانی وەک جوانرۆ رژیم لە چەکی دۆشکا و گازی فرمێسکرێژی ژەهراوی کەڵکی وەرگرتووە. لە کوردستان بە گشتی خەڵک بەشێوەیەکی سیستماتیک کۆمەڵکوژ کراون و لە کەرەستەی شەڕی نێوان وڵاتان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵکی مەدەنی و دەسبەتاڵی کوردستان کەڵک وەرگیراوە و ئەوەش بەتەواو مانا تاوان دژی مرۆڤایەتییە و کۆمەڵگەی جیهانی لەسەرشانیەتی پێش بە بەردەوامیی ئەو جینایەتانە بگرێت.

دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا بە بەردەوامی و بەتایبەت لەو چەند ڕۆژەی دواییدا، سەرەڕای ڕاگەیاندنی حکوومەت نیزامیی شەوانە لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا، بە شێوازی هەڕەمەکی و هۆڤیانە لە کۆڵانەوە تەقە لە ماڵی خەڵک دەکەن، و دواتر هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکانیان، پیر و لاو، ژن و منداڵ دەدەنە بەر پەلامار و بە بیانووی بەشداری لە خۆپێشاندانەکاندا خەڵک لە ماڵەکانیان دێننە دەر و بە بێڕێزی و سووکایەتی و لێدان دەسبەسەریان دەکەن. جگە لەوەش لە زۆر شار و شوێن بۆ نموونە لە شارەکانی وەک بۆکان، جوانرۆ و مەهاباد هێزە چەکدارەکانی سەر بە سپای پاسداران لە هەڵکوتانە سەر ماڵەکاندا لەگەڵ گەیاندنی خەسار و زیان، زێڕوزیو و کەلوپەلی گرانبایی ماڵەکانیش بەتاڵان دەبەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێ ئەوەی لە کوردستان رژیم دەرحەق بە خەڵک دەیکا جینایەتی جەنگی و تاوان دژی مرۆڤایەتییە. بۆیە پێشگرتن بە کۆماری ئیسلامی لە بەردەوامیی جینایەتەکانیدا پێویستیی بە ڕێکار و هەنگاوی بەکردەوەی جیدتر و لێبڕاوانەترە. دیارە پەسندکردنی بڕیارنامەی شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرووەکان دژی کۆماری ئیسلامی و دانانی کۆمیتەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان کارێکی بەجێ و شیاو بوو، بەڵام ئێمە پێمان وایە دەبێ ڕێکاری جددیتر بۆ لێپرسینەوە و وەڵامدەربوونی ئەو ڕێژیمە بگیرێتە بەر.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ دۆخی کوردستان و جینایەتەکانی رژیم ڕادەکێشێ و داوا لە ناوەندەکانی بڕیاردەر دەکا بەفریای خەڵکی کوردستانەوە بێن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٦ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆبوونەوەی نێوان ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پارتی ئازادیی کوردستان

ڕۆژی چوارشەممە ٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ کوردیی شاندێکی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەسەرپەرشتیی بەڕێز "عومەر ئێلخانیزادە" بەرپرسی دەورەیی ناوەند و هەر یەک لە بەڕێزان: محەمەد نەزیف قادری، عەبدوڵ ئازەربار، ئیسماعیل رەحمانی و عەتا ناسرسەقزی، سەردانی پارتی ئازادیی کوردستانیان کرد و لە لایەن شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان بەسەرپەرشتیی بەڕێز "حسەین یەزدانپەنا" سەرۆکی PAK؛ خەلیل نادری وتەبێژ و بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکان، هامنۆ نەقشبەندی ئەندامی سەرکردایەتی، جوانشێر ڕەفعەتی ئەندامی پێوەندییە گشتییەکان، ئەدیب خالیدیان ڕێکخەری نووسینگەی کاروباری سەرۆکایەتی، رووناهی لەک و سەربەخۆیی موکریانی کادرانی پارتی ئازادیی کوردستان، پێشوازییان لێکرا.

کۆبوونەوەکە بە وتەکانی بەڕێز بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاریی لە سەر دوو تەوەری سەرەکیی نیازی سەردانەکەیان کە بریتیی بوون لە هەڵسەنگاندنی ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئێران و پرس و پێویستیی هاوکاریی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دەستی پێکرد. پاشان هەرکام لە ئەندامانی شاندی ناوەند بەشدارییان لە هەڵسەنگاندنی تەوەرەکانی بەر باسدا کرد. بە دوای ئەوەدا بەڕێز سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی شاندی ناوەندی هاوکاریی، کۆبوونەوەکەی بە هەنگاوێکی گرینگ بۆ بەهێز کردنی ڕەوتی هاوکاریی و ڕێککەوتنی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو گوڕ و تیندان بە خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان و وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی سیاسیی وگەیشتن بە سەروەریی و کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامیی خەملاند.

لەکۆبوونەوەکەدا هەردوولا بە لێکدانەوەی دۆخی ئێستای کوردستان و ئێران راو بۆچوونی خۆیان خستەڕوو و جەختیان لەسەر یەکگرتووی زیاتری نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کردەوە. هەروەها پێداگرییان لەسەر بەهێز کردنی پێوەندیی و پەرەپێدانی هاوکاریی نێوان پارتی ئازادیی کوردستان و ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و کار کردنی هاوبەش بۆ پێکهێنانی چەترێکی گشتگیری سیاسیی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا لە دانیشتنەکانی داهاتوودا هەر دوو لا هەوڵەکانیان بۆ کاری هاوبەش و کردەیی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها بۆ میکانیزمەکانی پێکهێنانی یەکگرتوویی زیاتری نێوان حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە.

پارتی ئازادیی کوردستان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ی کوردی = ٣٠ی نوامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## ناوەندی هاوکاریی: ١٦ی سەرماوەز دژ بە میلیتاریزم و سەرکوت لە کوردستان کۆدەبینەوە

خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

کچان و کوڕانی کۆڵنەدەری کوردستان!

زیاتر لە دوو مانگ و نیوە خەبات و شۆڕشی ئێوە نەک هەر بووەتە هۆی پتەوکردنی بێ وێنەی پێوەندی خەڵکی کوردستان و گشت ئێران، بووە بە بنەمای لێک تێگەیشتن و پوچەڵکردنەوەی درۆ و دەلەسەی نەیاران و دوژمنانی کورد و، لە هەمانکاتدا کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشی بە توندی لەرزاندووە. هەربۆیە ئەو رژێمە نگریسە بەوپەڕی بێڕەحمی و بە توندترین شێواز کوردستان سەرکوت دەکات.

ئێوەی دوژمن بەزێن توانیتان بە ژێری پیلانەکانی رژێم پوچەڵ بکەنەوە و دەبینین ئەورۆ هەموو گەل دەنگیان یەکی گرتووە و شکۆیەکی بەخشیوەتە شۆڕشی ژینا و هەموو ئێران بە دیدی لێ فێربوون دەڕوانێتە کوردستان.

لەم رۆژانەدا بۆ بەرزڕاگرتنی رۆژی خوێندکار بانگەوازی چەند رۆژ خۆپیشاندان کراوە لە سەراسەری ئێراندا. ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێمانوایە پێویستە کوردستان زیاتر لە پێشوو بە پلان و نەزم و تاکتیکی خۆیەوە بەشداریی لەو ئاخێزەدا بکات. بۆیە داواکارین ئێوە پشتی ئەو بانگەوازانە بگرن کە ناوەند بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی دی ڕایدەگەیەنێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێمە بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی دانشجو(خوێندکار) و بۆ هاوپشتی لەگەڵ بانگەواز بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن لە سەراسەری ئێراندا، داوا دەکەین ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز لە کوردستاندا هاوئاهەنگ و پێکەوە لە دوای نیوەڕۆوە لە مەیدان و شەقامی شارەکاندا گردبوونەوەی جەماوەری دژ بە میلیتاریزم و سەرکوت و دیکتاتۆری بەڕێوە بچێت.

ژن، ژیان، ئازادی

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٢ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٣ی دیسامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## لەسێدارەدانی لاوانی شۆڕشگێڕ مەحکوم دەکەین

لە کاتێکدا زیاتر لە ٨٠ ڕۆژ بەسەر خۆپیشاندان و ناڕەزایی جەماوەریی خەڵکی ئێراندا تێپەڕ دەبێت، سەرلەبەیانی ١٧ی سەرماوەز موحسین شکاری یەکێک لە خۆپیشاندەرانی ئەم دواییە لە لایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە سێدارەدرا.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوم کردنی ئەم تاوانە نوێیەی کۆماری ئیسلامی داوا لە جەماوەری خەڵکی ئێران و کوردستان دەکات بەرامبەر بە مەترسی لەسێدارەدانی چالاکوانانی سیاسی و گیراوانی ئەم دواییە بێدەنگ نەبن. داوا لەسەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان دەکەین بۆ لەقاودان و مەحکومکردنی لەسێدارەدانی خۆپیشاندەرانی بەندکراو هاوکارو هاوئاهەنگ بن.
کۆماری ئیسلامی بە پەرەپێدان بە سیاسەتی سەرکوت و ئیعدامی خۆپیشاندەران و خەڵکی ناڕازی ناتوانێ پاشەکشە بە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بکات کە خوازیاری ڕوخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامین.

داوا لەسەرجەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای جیهانی دەکەین بە هەموو شێوازێک ڕێگری لە کوشتاری بەکۆمەڵی بەندکراوانی سیاسی و خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژن، ژیان، ئازادی

بڕوخێ کۆماری ئیسلامی ئێران

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٧ی سەرماوەزی ١٤٠١ی زایینی = ٨ی دیسامبری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## ئاگاداری ناوەندی هاوکاری بۆ رای گشتی خەڵکی کوردستان

خەڵکی خەباتکاری کوردستان

جەماوەری کوردانی دەرەوەی وڵات

لە رۆژانی رابردوودا داواکارییەک بە ناوی «کۆمەڵەی خۆبیون - بۆن» لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە ناو چالاکوانانی دەرەوەی وڵات بڵاوکراوەتەوە و تێیدا باس لەوە کراوە ئەوان پەیوەندییان بە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە کردوە و بە پشتگیری ناوەند داوای کۆکردنەوەی پوڵ و پارەیان بەناو بۆ خەڵکی رۆژهەڵات و هەڵسوڕاوانی سیاسی رۆژهەڵات لە باشوری کوردستان کردوە.

لێرەوە وەک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەرلەبەری ئەو داواکارییە رەتدەکەینەوە و رایدەگەیەنین ئەو لایەنە دوور و نزیک هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەندەوە نیە و ئەو کردارەش مەحکوم دەکەین کە بە ناوی ناوەندەوە یارمەتی دارایی بۆ مەرامی شەخسی کۆبکەنەوە.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٣ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٤ی دیسامبری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی مافەکانی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

لەسەر پێشنیاری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی مافەکانی ژنانی ئەو ڕێکخراوە دەر کرا .

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تاوانی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و سەرکوتی خۆپیشاندەرانی ئاخێزی ئەم دواییە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە دەرکرا. دەرکردنی ئێران لەو کۆمیسیۆنە لەکاتێکدایە کە نارەزایی و خۆپیشاندانی شۆڕشی نوێی ٩٠ ڕۆژی تێپەڕاند و بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵەش بووە جێگای دڵخۆشی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای دەستخۆشی لە بڕیاری دەرکردنی ئێران لەو کۆمیسیۆنەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شورای ئەمنییەت دەکات بە لەبەرچاوگرتنی تاوانەکانی ڕێژیمی ئێران بەرانبەر بە خەڵکی ئازادیخواز، بەتایبەتی سەرکوتی ئەم دواییەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر پەراوێز بخەن و لەبەرامبەر سەرکوت و ئێعدام و ئەشکەنجەی خەڵکی ئازادیخوازی ئێراندا بێدەنگ نەبن.

بژی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی،
بڕوخی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٢٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی دیسامبری ٢٠٢٢ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتنی سەرتاسەری

**خەڵکی خەباتکاری ئێران!**

**ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکاران، خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان!**

سێ مانگ بە سەر کوشتنی زاڵمانەی ژینا (مەهسا) ئەمینی و دەستپێکی شۆڕشی نوێ و خرۆشانی جەماوەریی خەڵک دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی تێپەڕی.

لەم ماوەیەدا سەدان کەس لە خەڵکی ڕاپەڕیو و ئازادیخواز لە سەرانسەری ئێراندا شەهید، هەزاران کەس بریندار و هەزاران کەسی دیکەش لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.

هاوکات لە ڕۆژانی ڕابردودا ڕێژیم بۆ نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و بە مەبەستی سەرکوتی زیاتری خەڵکی ناڕازی و کپکردنی ڕاپەڕینەکە، سزای لەسێدارەدانی بە سەر لانیکەم ٢٢ کەس لە گیراوەکانی ئەم دواییانەدا سەپاندووە و بەداخەوە ژمارەیەک لەم شۆڕشگێڕە بەندکراوانە لەسێدارە دراون.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی قورسایی و گوشاری ئابووری لەسەر خەڵک و کاسبکاران و بازاڕییان، داوا لە هەموو خەڵکی خەباتکاری ئێران و کوردستان دەکات دژبە سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم و کۆتاییهێنان بە ئێعدامی ئازادیخوازان و هەروەها ئازادکردنی بێمەرجی سەرجەم زیندانییانی سیاسی، بەتایبەتی گیراوەکانی ئەم دواییانە، ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ی سەرماوەز بەشداری لە مانگرتنێکی سەرانسەری و یەکپارچەدا بکەن و بەو بەشدارییە جارێکی دیکە دەنگی خۆیان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گوێی خەڵکی جیهان بگەیەنن.

داوا لە هەموو چالاکانی سیاسی و مەدەنی، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران و ئازادیخوازانی دەرەوەی وڵاتیش دەکەین بە پشتیوانیی خۆیان لەم مانگرتنە سەرانسەرییە جارێکی دیکە یەکگری و یەکگرتوویی هەموو توێژەکانی خەڵک تا ڕووخانی ڕژیم بەهێز بکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بژی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی،

بڕووخێ کۆماری ئیسلامیی ئێران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٧ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٨ی دیسامبری ٢٠٢٢زایینی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٢ی کورد = دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

---





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com